

چیرۆکی
سینەما
عەدنان عوسمان

# چیرۆکی سینەما

عەدنان عوسمان

٢٠١٠

پێشکەشە بە

هەموو فیلمسازێکی داهێنەر

- ناوی کتێب : چیرۆکی سینەما
- وەرگێڕان و ئامادەکردنی: عەدنان عوسمان
- دەرهێنانی هونەری و بەرگ : محەمەد زادە.
- پیتچنین : عەدنان عوسمان ، بێخاڵ سەباح ، مسەدەق جەعفەر .
- بلاۆکراوەی : سەنتەری رۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ — ژمارە ( ٦ )
- تیراژ: ١٠٠٠دانە.
- لە کتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی ( ٢٠٨ ) ی ساڵی ( ٢٠١٠ ) ی دراوەتێ.
- لە چاپخانەی منارە چاپکراوە - هەولێر


# چیرۆکی سینەما

سینەما...جیهانێکی سەیرو سەمەرەیە،سەیر نییە گەر زۆربەی خەڵکی کاتێکی دوور و درێژ بۆ سەیرکردنی فیلمی سینەمایی تەرخان بکەن،هیچ سەیریش نییە کاتێ کەپاڵەوانی فیلم سەردەکەوێ و بینەران دڵ خۆش دەبن،دیسانەوە سەیر نییە کاتێ کەپاڵەوانی فیلم دووچاری کردارێکی ناخۆش دەبێتەوە و بینەران هەست بە خەمباری بکەن.



لەکاتێکدا زۆربەمان دەزانین ئەودیمەنانەی لەسەر شاشە بەرچاومان دەکەوێت کردارێکی لەخەیاڵ دروستکراوە،بەڵام دەست رەنگینی سینەماکاران وامــان لێ دەکـات، هەنـدێ جار ئەو راستیە لەبیر بکەین و لەدیمەنەکان ئەوندە نزیك بکەوینەوە تـا روداوەکـان بـە چیرۆکی راستە قینە دەزانین.

ئەمرۆکە هەندێ کەس پێویستیان بەوە نەماوە بـۆ سـەیرکردنی فیلمێکـی سـینەمایی بچنە سالۆنەکانی سینەما چونکە سەتەلایت و ڤیدیۆ و ئینتەرنێت ئەو بۆشاییەی لەناو ماڵەکاندا پڕکردۆتەوە.



دەتوانرێ لە رێگای ئەو هۆکارنەوە تــازەترین بەرهـــەمی جیهـــانی ببینرێ.

هەســتکردن بــەگرنگی ســینەما لــەژیانی ئێمــەدا هەڵوەســتەی لێ دەکــرێ و جێگــای بایەخدانـــە، بەسەدان فیلم هەن کـەوەك فیلمـی سەرنج راکـێش و جـوان سـەیریان دەکرێ.رەنگە ئەوندە بەس بێت کە ژمارەیــەکی زۆر لەئەکتــەرەکانی سینەما بونەتە کەسایەتی گرنگ و دیــار لــە نــاو کۆمەڵگە،بــەبیرو بۆچوونی خۆیان توانیان بەرامبــەر

هێزی نارێك و شەڕخواز بجەنگن و پارێزگاری لەمرۆڤایەتی بکەن.
هونەرمەند چارلی چاپلن،باشترین بەڵگەی ئەو پاریزگاریکردنەیە،راستە ئێمە زۆربەمان سەیری فیلمی سینەمایی دەکەین و چێژ لەبینین وەردەگرین،هەروەها بەحەزێکی زۆرەوە چاوەروانی تازەترین هەواڵی ئەکتەرە کوڕ و کچەکان دەکەین.
بەلاّم رەنگە زۆربەمان نەزانین کە سینەما لەکەیەوە سەری هەڵداوە و کێ دایهێناوە.......بەکورتی زۆربەمان چیرۆکی سەرهەڵدانی سینەما نازانین،بۆیە باسکردنی بە پێویست دەزانم ....
لەوکاتەی کەسینەما بریتی بوو لە بۆکسێکی بەپەڕۆی رەش داپۆشراو چیرۆکی سەرهەڵدانی دەستی پێکرد و تادەگاتە ئەمڕۆکە، سینەما بۆتە دیاردەیەکی شارستانی و چۆتە هەموو ماڵێکەوە،وەك سەرهەڵدانی چیرۆکی هەموو داهێنانەکانی دیکە سینەما لەبیرۆکەیەکی سەرەتایی بچوکەوە لەدایك بوو،تاگەیشتە ئەو رۆژگارەی کە ئێستا دەیبینین .


# بۆكسی جیهان و چرای جادویی



وەك دەگێڕنەوە: پیاوێك بۆكسێكی(سەندوق) بەكۆڵیەوە هەڵگرتبوو لەنێو گەرەكەكاندا دەگەڕا و دەسوڕایەوە ئەو بۆكسە پێی دەگوترا بۆكسی جیهان لەكاتی سوڕانەویدا منداڵان بەچوار دەوریدا كۆدەبوونەوە،بۆ ئەوەی بزانن چ نهێنییەك لەنێو ئەو بۆكسەدا هەیە كە بەپارچە پەڕۆیەكی رەش داپۆشرابوو،هەرمنداڵەو بە نۆرەی خۆی لەرێگای كونێكەوە سەیری ناو بۆكسەكەیان دەكرد بۆئەوی  بزانن چ نهێنیەك تیایدا حەشار دراوە،لەنێو بۆكسەدا كۆمەڵێك وێنەی یەك لەدوای یەك دەبینرا بەهەموویان چیرۆكێكی بۆ منداڵان دەگێڕایەوە،بۆكسی جیهانی تەنها شتێك نەبوو بۆ كات بەسەر بردنی منداڵان بەڵكو جیهانیكی جادوگەری بوو كە پڕی بوو لە وێنەی خەیاڵاوی سەرنج راكێش.چیرۆكی ئەو پاڵەوانانەی دەگێڕایەوە كەلەوێنەكان نیشان دەدران،


بیرۆکەی بۆکسی جیهان پەرەی پێدرا بۆئەوەی ببێتە((چرای جادویی))ئەویش بەهۆی بیرۆکەیەکی سادە و ساکار کاری دەکرد،لەسەر پارچە شوشەیەك وێنەیەك دەکێشرا و دواتر لەوشوێنەدا دادەنرا کەروناکی بەردەکەوت لەوکاتەدا وێنەکە بەگەورەیی لەسەر شاشە دەبینرا.

ئامێری ((چرای جادویی))لەرێگای وێنەوە هەموو شتێکی دەربارەی ئاژەڵ و دار و درەخت و کەسایەتییە مێژوییەکان نیـــشان دەدا.



لەراستیەوە دوور نییە ئەگەر بڵێین سینەما لەئەنجامی بەرەو پێشەوە چوونی بیرۆکەی بۆکسی جیهان و چرای جادوییی هاتە ئاراوە.جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئێستا وێنەکان بەخێراییەکی زیاتر دەجولێنەوە،زاناکان جولەی وێنەیان لەسەر چاوی مرۆڤ بەزانستی شیکردەوە و بوو بە دەستپێکی کارەکانیان،جێگای سەرنجە کە وێنەی فۆتۆگرافی کاریگەری زۆر باشی لەسەر لەدایك بوونی سینەما هەبووە.

## جووڵە و چاوی مرۆڤ




بەهۆی یاری ((چرای جادویی)) (رۆجین)ی زانای ئینگلیزی دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر خەسڵەتێکی سەیری لە چاوی مرۆڤدا دۆزیەوە،لێکۆڵینەوەکەی بەم شێوەی خوارەوە ئاشکرا کرد:

ئەو وێنانە کە لەبەرامبەرمان تێدەپەڕن بەخێرایی لەبەر  چاو ون نابن، بەڵکو لە قولاّیی چاو بۆماوەی بەشێکی کەم لەچرکەدا دەمێننەوە.ئەو وێنەیەی کەدەیبینین و رەت دەبێ لە قولاّیی چاو ماوەیەکی زۆرتر ئەمبار(خەزن) دەکرێت.

ساڵی ١٨٢٤(رۆجین) ئەو بیرۆکەیەی ئاشکرا کرد و ناوی نا((بیردۆزی بینینی بەردەوام بۆ شتە بزوێنەکان)).دواتر زانای بەلجیکی (بلاتو)سەلماندی کەوێنە لەسەر تۆڕی چاودا دوای بزر بوونی بۆماوەی١٠/١چرکە دەمێنێتەوە،

نموونە:ئەگەر سەیری دارێك بکەین و پاشان چاومان دابخەین وێنەی دارەکە لەسەر تۆڕی چاومان بۆماوەی١٠/١ چرکە دەمێنێتەوە.



دواتر ژمارەیەك زانا چەند ئامێرێکیان دروست کرد و راستی ئەو بیردۆزەیان بەشێوەیەکی پراکتیکی سەلماند،بەلاّم ئەوکات ئامێرەکان سادە و ساکار بوون و تەکنە لۆژیا پێشکەوتوو نەبوو بۆیە ئامێرەکان لەیاری منداڵان دەچوون،

نموونە:

#دیسکێك لە چەشنی (سی دی)ئێستا بەلاّم بەقەبارەی گەورەتر،وێنەی لەسەر کێشرابوو

#کتێبێك هەموو لاپەڕەکانی وێنە بوو

# لەسەر لێوارەی دیسکێك وێنەی جۆراوجۆرکێشرابوو.کاتێ دیسکەکە دەخولایەوە یان لاپەڕەی کتێبەکە بەخێرایی هەڵدەدرایەوە،لەوکاتەدا هەست بەجولانەوی وێنەکان دەکرا.لەراستیدا ئەوانە تەنها وێنەی وەستاو بوون، هۆی هەستکردن بەجولانەویان ئەوە بوو کە ئەو وێنانەی رەت دەبن لەقولاّیی چاومان بۆماوەی ١٠/١ چرکە دوای ون بوون دەمێنێتەوە.



لەو کاتەدا وێنەیەکی دیکە جێگای وێنەی پێشو دەگرێتەوە بەجولەیەکی خەیالاّوی نێوان هەردوو وێنە گرێ دەدرێت،بۆ دڵنیا بوون لەو بیرۆدزە هەموو کەسێك دەتوانێ ئەو کردارە ئەنجام بدات.

وردە وردەئەو ئامێرە پێشکەوت، لەساڵی ١٨٢٥ زانای ئەڵمانی ((فیتۆب))ئامێرێکی دروست کرد و ناوی نا((تۆما تروب)) کەبریتی بوو لە دیسکێکی ئەستوری لەکاغەز دروستکراو،لە رووی یەکەمی وێنەی چۆلەکەیەکی لەسەر کێشرابوو لە رووی دووەمیشی وێنەی قەفەزێکی لەسەر کێشرابوو،پەتێکی باریك لە ناوەراستی کاغەزەکە هەڵکێشرابوو،کاتێ بە هۆی پەتەکەوە دیسکە کاغەزیەکە دەخولایەوە چۆلەکەکە لەناو قەفەزەکەدا دەبینرا.

دواتر لە بازاڕەکانی لەندەن و پاریس بەشێوەی جیاواز یاری لەو جۆرە پەیدابوون.


نموونە:

#پیاوێك سواری پشتی ئەسپێك بووە.

# راوچییەك مامز راو دەکات.

#وشەیەك دابەشی دوو بەش کرابوو،کاتێك ئامێرەکە دەخولایەوە دوو وێنەکە لە شێوەی یەك وێنەدا خۆیان نیشان دەدا.

# فینا کستکۆب



ساڵی **١٨٣٢**زانای بەلجیکی ((پلاتۆ)ئامێری ((فینا کستکۆب))ی داهێنا،کە بریتی بوو لە دیسکێکی خڕ و لێوارەکەی بەوێنەی ئەسپێك لەحاڵەتی وەستانی جیاواز نەخشێنرابوو،لەژێر وێنەکانیش پەنجەرەی درێژ هەبوون کە لەناوەراستی دیسکەکە جێگیر کرابوون،لەکاتی خولاندنەوەی قەوانەکە لەبەرامبەر ئەو وێنەیەدا وێنەی ئەسپەکە لەناو پەنجەرە لاکێشەییەکەدا بەهەڵگەڕاوەیی دەبینرا،لەئەنجامدا وێنەی راکردنی ئەسپێك بەرجەستە دەبوو .

## زوترۆب



سالّی١٨٣٤

((هۆرنەر))ئامێری((رەورەوەی ژیان))ی داهێناوناوی نا ((زوترۆب)).ئەو ئامێرە لە بۆرییەکی ئەستوری قەبارە ٣٠ سانتیمەتر دروستکرابوو لە نیوەی سەرەوەی ئامێرەکەدا کونی درێژ هەبوون،لەناوەوەش رۆلێك (بەکرەیەك)لە وێنە لەسەر کاغەزی ئەستور چەسپ کرابوو،وێنەکان دەکەوتنە بەرامبەرکونە درێژەکان و کاتێك کە بۆرییەکەدەخولایەوە وێنەکان وا خۆیان نیشان دەدا کەدەجولێنەوە.

((هۆرنەر))بەهۆی ئەو ئامێرەوە توانی جولە بخاتە وێنەی وەستاو،هەروەها توانی جولەش شی بکاتەوە و دابەشی بکاتە سەر کۆمەڵێك وێنەی جێگیر.

# كينما توسكۆب



لەئەمەریكا ((كولمان سلرز))ئامێری((كینما تو سكۆب)ی داهێنا كە لە رەوڕەوەی گەورە و پالّپێوەنەریك پێك هاتبوو، بەهۆی جولانەوەی قاچەكان كاری دەكرد، رەوڕەوەكە وێنەی شەش ئەسپی لەحالّەتی جیا جیا لەسەر كێشرابوو،ئەسپەكان جارێك قاچی راستەیان بەرز دەكردەوە،جارێكی تر هەردوو دەستی پێشەوەیان ،جارێكی دیكەش هەردوو قاچی دواوەی، لەكاتی خولانەوەدا وێنەكان بەدوای یەكدیدا دەجولانەوە،وەك ئەوە وابوو كە ئەسپێك رادەكا و باز دەدات.

هەموو ئەو ئامێرانە متمانەیان دەكردە سەر وێنەی جێگێر ((وەستاو))وەك :

#سەماكەریك لەسەر پەتی یاریكردن.

#دارتاشێك دار دەبڕێتەوە.

#مریشكێك دانەوێڵە دەخوات.


تەنها جولانەوە بەس نەبوو بۆئەوەی سینەما لەدایك بێت بەلّكو واپێویست بوو كە داهێنانی وێنەگرتن بێتە كایەوە.

# وێنەگرتنی فۆتۆگرافی




ساڵی ۱۸۲۳ یەکەم وێنەی فۆتـــۆگرافی لـــە دایـــك بوو،زانـــای فەرەنـــسی ((نیـــبس))١٤ کاتـــژمێر بەرامبـــەر مێزێکـــی نـــان خـــواردن کـــونی هاوێنـــەی کامیراکـــەی ئاراســـتەکرد تالەئەنجامـــــدا تـــــوانی وێنەیەك بگرێ((بۆکسێکی گەورەی تاریك لە یـەکێك لەتەنیـشتەکانی کونێـك هـەبوو بەهۆیەوە روناکی دەکەوتە سەر پارچە شوشەیەك کە بە ماددیەکی هەستیار داپۆشرابوو ئەمە ئەو ئامێرە سەرتاییە بوو کە ((نیبس)) بەکاری هێنـا و بـوو بـە بناغەیـەك بـۆ ئەوانەی کـە ئـەمڕۆ بـە ئاسـانترین شـێوە وێنـەی پـێ وەردەگـرن.زانـای فەرەنـسی ((داجیر))لەساڵی ۱۸۳۹گرنگی بەئامێرەکەی ((نیبس))دا و توانی دیمـەنی سروشـتی پـێ وێنـە بگرێـت.ئـەو کـات وێنـەگرتنی هـەر دیمـەنێك لـە۳۰دەقیقـە کـەمتری نەدەخایاند،لەگەڵ پێشکەوتنی ئامێری وێنەگرتن وتەکنـەلۆژیا مـاوەی خایەنـدراو بـۆ وێنەگرتن کەمتر بۆوە تا گەیشتە چەند چرکەیەك.ئەمڕۆکەش دەتوانین چەندین وێنە لـە یەك چرکەدا تۆمار بکەین.

# ئەسپی فڕیوو




ساڵی ١٨٧٢ ملیۆنێری ئەمەریکی ((لیلاند))لە هۆکارێك دەگەڕا بۆ ئەوی بیسەلمێنێ کاتێ کە ئەسپ رادەکا چرکەیەك دێت هەرچوار پەلی لەزەوی بەرز دەبێتەوە،بۆئەو کارە هانای وەبەر وێنەگر((مایبریدج)) برد،ئەو وێنەگرە پێشتر چەندین جار پێشبڕکێی ئەسپ سواری وێنەگرتبوو،بۆ ئەنجامدانی ئەو داواکاریەی((لیلاند))،((مایبریدج))٢٤ ئامێری وێنەگرتنی بەدرێژایی گۆڕەپانی پێشبڕکی بەکارهێنا،لەم بەر بۆ ئەوبەری شەقامی غار غارێنەکە پەتی گرێدا و کاتێ کە ئەسپەکان رایان دەکرد ئەو پەتە باریکەی کە رێگای

پیٚ گرتبوون دەپچڕان،بەو شێوەیە قەپاغی هاوێنەی کامیراکان دەکەوتنە سەرزەوی و هاوێنەکان بەبیٚ روپۆش دەمانەوە،لەو دەمانەدا ئەسپەکان خۆیان وێنەی خۆیانیان دەگرت، بەلاّم ئەورێگایە هەر زوو هەرەسی هێنا چونکە ئەو چرکەیەی کە ئەسپەکە لەهاوێنەکە رەت دەبوو ئینجا وێنەکە دەگیرا،بۆیە وێنەگر((مایبریدج)) هانای وەبەر((جۆن))ی ئەندازیاری هاورێی برد....دوای هەولّدانێك کە پێنج سالّی خایاند ئامێرەکانی وێنەگرتن بەرێگای ئەلیکتریکی بەیەکەوە گرێدران،



ئەمجارەیان ئامێرەکان ئەوکاتانە دەکەوتنە کار کەئەسپەکان دەگەیشتنە بەرامبەری،بەوشێوەیە ((مایبریدج)) توانی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێت، بەبەلّگە ئەو چرکەیەی سەلماند کە کاتێك دێت هەر چوار پەلی ئەسپ لەزەوی بەرز دەبێتەوە و دەبێتەی نمونەی بالّندە یەك.


## براكيينۆ سكۆب:ئاوێنەی شانۆ



بەم شێوەیە لەدایك بوونی سینەما نزیك دەبێتەوە،داهێنانی ئامێری ((برکینۆ سکۆب))لە لایەن زانای فەرەنسی((رینارد)) هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ نزیك بونەوە لەسینەما .


لەرێگای ئەو ئامێرەوە وێنەکان لەسەر سکرین ((شاشە)) نیشان دەدران و ژمارەیەکی زۆری خەڵك فیلمەکانیان دەبینی و ئەو وێنانەی کەنیشانی بینەران دەدران بەدەست لەسەر تێپی نیشاندان دروست دەکران،بۆیە ئەو کارە ناونرا ئاوێنەی شانۆ،دواتر ((رینارد))تێپی وێنەی فۆتۆگرافی بۆنیشاندان بەکارهێنا کەپێشتر ((مایبردیج))لە پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا وێنەی پێ دەگرت، ئەو نیشاندانە چێژی زۆری بە بینەران دەبەخشی چونکە وایان هەست دەکرد لە گۆڕەپانی پێشبڕکێی ئەسپ سواریدا دانیشتوون.

# تفەنگی فۆتۆگرافی




ئەگەر سەرنج بدەین ئەوڕێگایەی کە ((مایبردیج)) بۆ وێنەگرتن بەکاری هێنا پڕ زەحمەت و ماندو بوون بوو،ئەو کات لەسەر پارچە شوشەیەك کە بە ماددیەکی هەستیار روپۆش کرابوون وێنەکان چاپ دەکران،دوای ئەو قۆناغە ئامێرێکی دیکەی وێنەگرتن هاتە کایەوە،ساڵی ١٨٨٢ دکتۆر((ماری)) کە تایبەتمەند بوو ە رەوشتی ئاژەڵ و باڵندە و جولانەویان،ئامێرێکی داهێنا دەیتوانی بەهۆیەوە لەکاتی فڕینی باڵندەدا وێنەیان بگرێ ((ماری))ئامێرەکەی ناونابوو تفەنگی فۆتۆگرافی چونکە زۆر لەتفەنگی ئاسایی نزیك بوو، لەناو ئامێرەکەیدا تێپێکی لە ((جیلاتین)) دروستکراوی بەرامبەر کونی هاوێنەکە دانابوو،هەرکاتێك بیویستبا وێنەی باڵندەکانی ئاسمان بگرێ رووی تفەنگەکەی لێ دەکردن و دەستی دەنایە سەر پەلاپیتکەی ئامێرەکە و وێنەکەی لەسەر تێپە هەستیارەکە تۆمار دەکرد.

# ئامێری کنتۆسکۆب بۆفرۆشتن



دوا بەدوای ئەو قۆناغانە،زانا و بیلمەتی ئەمەریکی ((تۆماس ئەدیسۆن)) داهێنەری گڵۆپی کارەبایی چاوێکی بەتاقیکرنەوەکانی پێش خۆیدا گێڕا و زانیاری لەسەر هەموو ئەو ئامێرانە پەیداکرد کە وێنەی بزوێنەریان نیشان دەدا،ساڵی ١٨٨٩((تۆماس ئەدیسۆن)) ئامێری ((کنتۆ سکۆب)) ی داهێنا ئەو ئامێرە بە قەبارە گەورە بوو،هەروەها شێوەی هەر لە پیانۆیەکی ئاسایی دەکرد.

کنتۆسکۆب لە دوو بەش پێك هاتبوو:



یەکەم: بەشی وێنەگرتن


دووەم: بەشی نیشاندان

بەڵاّم کنتۆسکۆب وەك ئامێری بۆکسی جیهان تەنها یەك کەس دەیتوانی لەرێگای شوێنی سەیرکردنەوە وێنەکان ببینێ،ئەو کات قەبارەی بینینی وێنەکان لە کارتێکی پۆستە تێپەری نەدەکرد،یەکەم فیلم کە ((ئەدیسۆن)) وێنەی گرت هەر بەو ئامێرەش نیشاندرا،ماوەی فیلمەکە لە ٣٠ چرکە تێپەڕی نەدەکرد و ناوەڕۆکی فیلمەکە تەنها ئەوەندە بوو کرێکارێك بەتوندی دەپژمێت.گرفتی خێرایی سوڕانەوەی تێپەکە لەناو ئامێرکەدا وەك گرفتێکی گەورە سەری هەڵدا و نەدەتوانرا کۆنترۆڵ بکرێت،بەڵاّم ((ئەدیسۆن)) دوای هەوڵ و ماندو بونێکی زۆر توانی بەسەر ئەو گرفتەش دا زاڵ بێ،بۆئەو مەبەستە تێپی سلیلۆید ی هەستیاری بەکارهێنا،



هەر بۆکۆنترۆڵکردنی خێرایی جولانەوەی تێپەکە،ئەدیسۆن هەڵسا بەکونکردنی هەردولای تێپەکە و لەو رێگەیەوە بەسەر رۆلێکی کون کوندا رەت دەبوو.بۆ تێست کردنی ئەو حاڵەتە فیلمێك نیشاندرا کەئەدیسۆن خۆی قسەی بۆ بینەران دەکرد،ئەوکاتە وەك ئێستا دەنگ و وێنە بەیەکەوە لەسەر یەك تێپ نەبوو بەڵکو وێنە بەجیا و دەنگیش بە ئامێرێکی جیا هاورێ لەگەڵ وێنەکەدا دەگەیشتە گوێچکەی بینەران،ئەو ئامێرەی دەنگەیش هەر ئەدیسۆن خۆی دروستی کردبوو.

# سینەما تۆگراف:برایانی لومێر




Société Anonyme des Plaques et Papiers Photographiques
A. LUMIÈRE & SES FILS
CAPITAL TROIS MILLIONS
Usines à vapeur: LYON-MONPLAISIR
COURS GAMBETTA, RUES ST-VICTOR, ST-MAURICE ET DES TOURNELLES
NOTICE
SUR
LE CINÉMATOGRAPHE
AUGUSTE ET LOUIS LUMIÈRE

ئەدیسۆن ژمارەیەکی زۆری لە ئامێری ((کنتۆ سکۆب)) دروستکرد و بەچەند ولاَتێکی جیا جیای فرۆشتەوە هەردوو فەرەنسی ((برایانی لومێر)) لەسالَی ١٨٩٤ دانەیەکیان لەو ئامێرە کڕی،بەلاَم ئەوان هەروا بەئاسانی لەو ئامێرە نەگەڕان بەلَکو کاریان لەسەر کرد و پێشیان خست،دواتر ئامێری ((سینەماتۆگرافیان)) دروستکرد کەباشتر بوو لە ئامێری ((کنتۆسکۆبی ئەدیسۆن)) .



((سینەماتۆگراف)) توانای نیشاندانی وێنەی جولاوی هەبوو لەسەر سکرین ((شاشە))لەورێگایەوە خەلَکێکی زۆر دەیانتوانی لەیەك کاتدا سەیری وێنەکان بکەن.یەکەمین فیلم لەلایەن برایانی لومێر لەیەکێك لە



قاوەخانـــەکانی پاریـــسی پایتـــەختی فرەنـــسا لـــە ١٨٩٥/١٢/٢٨ نیـــشاندرا، بینـــەران پێـــشوازی گـــەرمیان لـــەو فیملـــەو ئـــەو داهێنانـــە سەیرو ســـەمەرەیە ی برایـــانی لومێرکرد،نـــــــــاوەڕۆکی فیلمەکـــەش بریتـــی بـــوو لـــە هاتنـــــە دەرەوەی چـــــەند کرێکارێـــك لـــە کارگە،ئـــەو فیلمـــــە بینـــــەرێکی زۆری سەرســـــام کـــــرد و تـــــوانی ژمارەیەکی زۆری پلیت بەبینەرا بفرۆشێت،هەر ئەو مێژەوش بە مێژوی لە دایك بـوونی سینەما دەژمێردرێت و سالأنە لەهەموو دونیا یاد دەکرێتەوە،دواتر هەردوو برا لـومێر چەندین بابەتی دیکەیان کردە فیلم و نیشانیان دا وەك((منداڵێك چۆن نـان دەخـوات و گەیشتنی شەمەنەفەر و یاریکردنی مندالأن))و زۆری تر،

لە فیلمی گەیشتنی شەمەندەفەر کاتێ شەمەندەفەرەکە لە قولأیی شاشەوە بەرەو رووی بینـــەران دێــت وای لێ کــردن هەســت بەترســێکی زۆر بکــەن و هەرکەســەو لەســەر کورسیەکەی خۆی بازبدات و بەونیازەی خۆیان دەربــاز بکــەن نــەوەکو شــەمەنەفەرەکە تەختیان بکات.

((برایانی لومێر)) لەپێناو بلاَوکردنەوەی ئەو ئامێرە بەهەموو جیهان و پـرو پاگەنـدە بـۆکردنی چـەند وێنـەگرێکیان بـەکارهێنا و ئـەوان لەسـەر رێگاکـان کامیراکانیـان دەجولاندەوە بەبێ ئـەوەی وێنەبگرن،خـەلَكیش لای وابـوو وێنـەیان گـیراوە و ئێـواران بەلێشاو رویان دەكردە هۆلَەكانی نیشاندانی فـیلم بـەو نیـازەی خۆیـان لەسـەر شاشـە ببیننەوە،دوای ئەو قۆناغە هـەر زوو بـەزوو چـەندین ئـامێر دەركـەوت كـە لێكـچوی ئامێری ((كنتۆسكۆب))بوو،ئامێری ((سینەماتۆگراف)) شان بەشانی ئامێرەكـانی تـر وەك ((بیۆسكۆب و فیتاسكۆب)) لەزیاد بوون و بلاَو بونەوەدا بوو.

دوای ئەو گەشتە خێرایەی داهێنانی سینەما مایەی سەرنجە لەگەلَ ئـەوەی كـە سـالَی ١٨٩٥ بەمێژوی راستەقینەی لەدایك بوونی سینەما دەژمێردرێت،بەلاَم نـاتوانین بلَـێین ئەو مێژوە مێژوی داهێنانی سینەما بووە و كەسـێك بـە داهێنـەری سـینەما دەسـت نیشان بكەین،سینما داهێنانی كۆمـەلێك كەس بوو..كۆمـەلێك زانا لەولاَتی جیـا جیـا بەشداری سـەرهەلَدانی ئـەو ئامێرە نوێ یـەیان كـردوە و هەریەكـەیان سـودی لـە تاقیكرنەوەی زانایانی پـێش خـۆی بینیوە،لـە كۆتـایی سـالَی ١٨٩٦ بەسـەدان ئامێری نیـشاندانی فیلمـی سینەمایی لە زۆربەی شوێنە جیا جیاكـانی جیهـان بـلاَو




بۆوە،بەو جۆرە هۆڵە تاریکەکانی سینەما لە زۆری بینەران جمەی دەهات،بینەرانی فیلمەکان ئەو کەسانە بوون کە چێژیان لە بینینی فیلم وەردەگرت بەلاَم هەر زوو بە زوو بینەران هەستیان بە بێزاری دەکرد چونکە ژمارەی ئەو فیلمانەی کەوێنە گیرا بوون سنور دار بوون،بۆیە بینەران داخوازی فیلمی دیکەیان هەبوو خاوەنی هۆڵەکانی سینەماش هەستیان بەو حاڵەتەکردبوو،

لایان روون و ئاشکرا بوو لەپێناو ئەوەی بینەران هەست بەبێزاری نەکەن و بەردەوام بێنە سەیرکردنی فیلم دەبێ بابەتی دیکە ببێتە ناوەڕۆکی فیلمەکان.

دیارکەوتنی هونەرمەندی فەرەنسی((میللیە))روداوێکی گرنگ بوو لەمێژوی سینەما...

دەبێ ئەو هونەرمەندە مەزنە چی بۆ سینەما کردبێ و چ داهێنانێکی مەزنی لەگەڵ خۆیدا هێنابێ و بە چ شێوەیەك بێزاری بینەرانی لە فیلمە سواوەکان رەواندبێتەوە؟



# میللیه..داهێنەری فێڵی سینەمایی



میللیەی وێنە کێشی فەرەنسی یەکەم کەس بوو کەکاری سینەمایی وەك پیشەیەك گرتە ئەستۆ،بەدرێژایی ژیانی (٥٠٠) فیلمی دروست کردووە,لەمەش گرنگتر میللیە توانی فێڵ وهەڵخەڵەتاندنی سینەمایی دابهێنیٚ,زۆرلەفێڵەکان بۆئەو مرۆڤە مەزنە دەگەرێتەوە .لەرێگایی فێلەکانی میللیە,سینەما کاران وا لە بینەران دەکەن دیمەنی چاوەروان نەکراو و ترسناك ببینن ،وەکوو:فرِینی مرۆڤ, بەدیارکەوتنی درِندەی زەبەلاح



,بەرپابوونی ئاگری گەورە و دروستکردنی چەندین دیمەنی سەر سورهێنەری دیکە,میللیە توانی لەرێگای فێڵی سینەماوە چەندین فیلم دروست بکات،


گرنگترینیان (( سەندرێلا,ئافرەتە شاراوەکە ,ئوتێلی جادوکراو ,ریشی شین ,خەونی سەری ساڵ,گەشتێك بۆسەر مانگ)

لەدواین فیلمدا میللیە پێشبینی ئەوە دەکات کە کەمرۆڤ دەتوانی بچێتە سەر مانگ ,ئەو پێشبینییەی میللیە نزیکەی هەشتا ساڵ پێش چوونە سەر مانگی راستە لە دۆتۆی فیلمێك خراوەتە روو.میللیە لەفیلمی گەشتێك بۆسەر مانگ چیرۆکی گەشتێکمان بۆدە گێرێتەوە کە ئە نداماني کۆنگرەی زانستی پیّ هەڵسابوون,فیلمەکە بەکۆبوونەوەی چەندزانایەك دەست پێدەکات لەپێناو دانانی پلانێکی گونجاو بۆچوونە سەرمانگ .دواتر چۆنیەتی دروستکردنی ئەو کەشتیە دێتە بینین کە گەشتەکەی پێ سازدەدرێت .پاشان پاڵپێوەنەرێکی زەبەلاح دروست دەکەن بۆئەوەی کەشتیەکە بەرەو ئاسمان هەڵبدەن,دواتر کەشتیەکە دەگاتە ئاسمانی دەرەوە تادەگاتە سەرمانگ,(مانگ)ی بەدەم وچاوی مرۆڤ شوبهاندوە.کەشتیەکە لەچاوی چەپی مانگ دەنیشێ و چاوەکەش لە حەژمەتا فرمێسکی لێ دێتە خوارەوە,پاشان کەشتیوانەکان دووچاری چەندین جیاوازی دەبنەوە.بەتایبەتیش لەگەڵ دانیشتوانی سەرمانگ دووچاری چەندین شەڕ و پێکدادان دەبنەوە,ئینجا زاناکان لە هەوڵێکی سەرکەوتودا دەتوانن لە مانگ رابکەن و بەرەو زەوی بگەڕێنەوە .بەلاّم کەشتیەکە




دەکەوێتە ئاوی دەریا و ئینجا کەشتیوانەکان لەژێر ئاودا دەبینرێن.

لەکاتی سەیرکردنمان بۆ فیلمەکە دەکرێ هەست بەوە بکەین، ئەو فیلمە ناتوانرێ بەڕێگایەکی ئاسایی وێنە بگیرێ،میللیە بۆ وێنەگرتنی زۆربەی دیمەنەکانی فیلمەکەی پەنای بۆ فێڵی سینەمایی بردووە ئەو دەریا گەورەیەی لە فیلمەکە بەرچاو دەکەوێ تەنها بریتیە لە حەوزێکی بچوکی ماسی،ئەو سەرکەوتنە بێ هاوتایەی ئەو فیلمە بەدەستی هێنا،کاریگەری لەسەر کردنەوەی یەکەم سالۆنی بەردەوامی نیشاندانی فیلم لە لۆس ئەنجلۆس پەیداکرد،لۆس ئەنجلۆس شوێنێکی بچوك بوو لە گەرەکی((مولیدەر))دواتر بە یەیەکێك لە بنکە گرنگەکانی پیشەسازی سینەما دەهاتە ژماردن،میللیە بە سەر هەڵدانی گرفتی زاڵ نە بوون بەسەر جولانەوەی کامیرا دووچاری گەورەترین شکست بوو،رودواوەکان بەرامبەر کامیرا رویان دەدات و کامیراش لە شوێنی خۆی جێگیر بوو ،بەڵام لە ساڵی **١٩٠٣** سینەماکاران توانیان بەسەر ئەو




گرفتەدا زاڵ بن،فیلمی(دزینی گەورەترین شەمەندەفەر))
دەرهێنانی دەرهێنەری ئەمەریکی((پۆرتەر))دروستکرا و لەو فیلمەدا گرنگی بە جولەی کامیرا و گورینی دیمەنەکان درابوو کە ئەمەیان لەسینەمادا بە شێوەی کارکرنی دروست ناودەبرێت دوور کەوتنەوەیەکیشە لە کەشی شانۆیی،لەو فیلمەدا توانرا کرداری برین و پێکەوە لکان((مۆنتاژ))ی دیمەنەکان بەکار بهێنرێت،سەرکەوتنی ئەو فیلمە وای کرد کە سینەما کاران لاسایی فیلمەکە بکەنەوە،بەو شێوەیە چەندین فیلم بەرهەم هات و ستۆدیۆکانی وێنەگرتن فراوانتر کران لەگەڵ ئەمانەشدا تێچوی فیلمی سینەمایی رو لەزیاد بوون بوو تاوای لێهات بەرهەم هێنانی هەر فیلمێك پێویستی بە برە پاریەکی زۆر بێت.
بۆ ئەنجامدانی فیلم دەبوایە دەوڵەت یان دەوڵەمەندەکان یان کۆمپانیا زەبەلاحەکان پارە تەرخان بکەن ،
لەو قۆناغەدا دروستکرنی فیلمی((لەدایك بوونی نەتەوە))ی دەرهێنەر ((گریفس)) کە فیلمێکی بێدەنگ بوو بە روداوێکی مێژوویی و باشترین و بەهێزترین فیلم دێتە ژماردن،بەم فیلمە((گریفس)) نازناوی باوکی دروستکردنی فیلمی پێ بەخشرا.

# بەیەکەوە گرێدانی شۆتەکان((مۆنتاژ))




بەدیارکەوتنی ((ئەزنشتاین))روداوێکی گرنگ و بێ هاوتا بوو لە مێژوی سینەما،چونکە((ئەزنشتاین)) توانی ئەوە بسەلمێنێ کە مۆنتاژ بنەمایەکە لە بنەماکانی بەرهەمی سینەمایی،مۆنتاژ واتە بڕینی شۆت یان دیمەنە وێنەگیراوەکان و ڕێکخستنەوە و دووبارە گرێدانەوە و گونجاندنی لەگەڵ روداوەکان و ریتمی سەرەکی فیلم،



کەواتە مۆنتاژ بوو بە یەکێك لە ڕێگاکانی دروستکردنی فیلم،دەڵێن مۆنتاژ لە ڕوسیا لە ئەنجامی داچۆڕان لە فیلمی خام دا کە شۆتی نوێی لەسەر وێنە گیرابێ ،گەشەی کردووە بەو شێوەیە دەرهێنەر و بلیمەتی ڕوسی ئەزنشتاین توانی ئەو شۆتانەی کە پێشتر وێنە گیرا بوون کۆیان بکاتەوە و فیلمی تازەی لێ دروست بکات.لەبەناوبانگترین فیلمەکانی ئەو دەرهێنەرە((تانکی بوتمکین))ە،دەڵێن شێوازی وێنەگرتنی ئەو فیلمە لایەنێکی گرنگ نەبوو لە دەرهێناندا،بەڵکو لایەنی گرنگ بڕین و دوبارە کۆکردنەوەی وێنەکان، واتە((مۆنتاژ))کردن بوو.

## لەدایک بوونی سینەمای دەنگدار



لەسەرەتای سەرهەڵدانی سینەما هەوڵی راستەقینە درا لە پێناو یەکخستنی دەنگ و وێنە لە سەر یەك تیپ ،زۆربەی ئەو فیلمانەی کەتا ساڵی((١٩٢٧)) بەرهەم هاتوون متمانەیان کردۆتە سەر دەنگی تۆمارکراوی سەر دیسك.


لە ٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٧ یەکەم فیلمی دەنگ دار بەناوی ((گۆرانی بێژی جاز))بەرهەم هات،بینەران بۆ یەکەم جار لە فیلمی درامی ئەکتەرێکیان لەسەر شاشە بینی کە قسەدەکات،ئەکتەرەکەش ناوی((ئال جولسۆن))بوو،جێگای سەرنجە کە فیلمی ((گۆرانی بێژی جاز)) تاوەکو کۆتایی دەنگدار نەبوو،بەلاّم لەزۆر بەی دیمەنەکان دەنگ هاوشێوە لەگەڵ وێنەدا دەرۆیشت،لەساڵی ١٩٢٨ فیلمی((رۆشنایی نیۆرك))بەرهەم هات و بە فیلمێکی سەد دەر سەد دەنگدار دێتە ژماردن.



زۆر جار لە فیلمێكدا دەبینین كەماڵێك دەسوتێ یان كەشتییەكی ئاسمانی دەتەقێتەوە یان كەشتییەك لەناو ئاودا نگوم دەبێت یان پردێك دەشكێ و دەكەوێتە ناو ئاو یان ئاژەڵێكی زۆر هێرش دەكەنە سەر شارێك یان بەسەدان نمونەی هاوشێوەی دیكە.


زۆر جار بڕوا بەوە دەكەین كەئەو دیمەنانەی دەیبینین راستەقینەن،بەلاّم لەراستیدا وانیە و هەموو كردارەكان بریتین لە فێڵی سینەمایی،پێشتر باسمان لە وە كرد كە ((جۆرج میللیە))ی فەرەنسی داهێنەری فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی سینەماییە و تائێستاكەش لە

گەڵ ئەو هەموو داهێنان و تەکنەلۆژیایەی لە فیلمی سینەمایی بەکار دەهێنرێت بەلاّم هەر ((میللیە))بەپێشەنگ و داهێنەری مەزنی ئەو بوارە گرنگە سەیر دەکرێت،وەك دەستپێك و سەرتایەکی جوانی ئەو بوارە رێزی لێ دەگیرێ،



فیلمی سینەمایش هەمە جۆر و هەمەچەشنە وەك:فیلمی ماکێتی زەبەلاح،فیلمی وێنەگرتن،فیلمی ماکێتی بچوك کراوە،فیلمی ماکیاژ،و سەدان فیلمی دیکەش بەتایبەتیش فیلمەکانی کۆمپیوتەر کە ئەمڕۆکە کۆنترۆڵی هەموو لایەنەکان و جوانکاریەکانی دەنگ و وێنەی کردووە.

## فێڵەکانی ماکیاژ



بریتییە لە دەستکاری کردنی روخساری کەسانێك و ئامادەکردنیان بۆ پێش کامیرا،ئەکتەرەکانیش دەتوانن لەرێگای دەمامك و هەندێ ماددەی دیکەوە پێناسەی نیاز باشی و خراپی خۆیان بکەن،کەسایەتی ((لیێبوك)) بەنموونە دەهێنینەوە کاتێ کە روخساری بە ماددەیەکی سپی دادەپۆشرێ و دواتر هێڵکاری رەنگاو رەنگی لەسەر دەکێشرێ،ئەوشێوە ماکیاژانە بینەران بە پێکەنین دەهێنێ،هەندێ جار کەسایەتییە

ترسناکەکانی نێو فیلم بۆ دیار خستنی روخساری شەڕخوازی  دەمامك دەپۆشن و لەسەر دەمامکەکەش ماکیاژی تایبەت دەکرێن،ئەگەر یەکێك لە ئەکتەرکانی ناو فیلمیك کەسایەتییەکەی وابوو کە دەبیّ کارەساتێکی بەسەر بێت و شوێنێکی بریندار بیّ، ئەو کاتە((ماکێرەکان))شوێنی دیاریکراو دادەپۆشن و پاشان گیراوەی کەتیرە و چینێك لە مۆم دەخەنە سەر شوێنی برینەکە،دوای ئەوەی کە ئەو گیراوەیە وشك دەبێتەوە بە چەقۆیەکی کول شوێنی دیاریکراو شەق دەکەن تاوەك برینێکی راستە قینە خۆی نیشان دەدات و دواتر بەڕەنگی سور بۆیە دەکریّ و بینەرانیش روداوەکە و برینەکە بەراستە قیینەیی وەردەگرن.



# فرمێسک




کاتێ وا پێویست دەکات یەکێك لەئەکتەرەکانی نێو فیلمێك بگرییێ و فرمێسك هەڵ ڕێژێ، تایبەت مەندانی بواری ماکیاژ هانا وەبەر گیراوەی ((گلسرین)) دەبەن و چەند دڵۆپێکی دەخەنە گۆشەیەکی چاوی ئەکتەرەکە و بەو شێوەیە فرمێسك دروست دەبێت و هەمان ماددەش بۆ ئارەقە ڕشتن بەکار دەهێنرێت.

# فیلمەکانی نموونە بچوک کراوەکان((ماکێت))



هەندێ جار چیرۆکی فیلم وای پێویست دەبێت کەوا ئۆتۆمبیلێك تێك بشکێ یان خانوێك بسوتێ،لەوکاتەدا پێویستە نموونەی بچوك کراوە ((ماکێت)) بەکار بهێنرێت.بەمەرجێ دەبێ هەمو وردەکارییەکانی وێنە راستەقینەکە لە ماکێتەکە دیار بکرێت و تا شێوەی ئاسایی خۆی وەربگرێ، ئینجا وێنەدەگیرێ بەلاّم لەکاتی وێنەگرتن هەندێ لە ماکێتەکان بە هیچ شێوەیەك نابێ بجولێ وەك خانو بەرە و چیاو دۆڵ و هاوشێوەکانی،هەندێك ماکێتیش بزوێنەرن وەك کەشتی و ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر و هاوشێەکانی.




# ئاگر و تەقینەوەکان



کاتێ دەمانەوێ دیمەنی خانوێکی گڕگرتوو بەئاگر وێنە بگرین وا پێویست دەکات ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکەین:نموونەی بچوککراوەی خانوەکە لە داری باریك و کاغەزی ئەستوور دروست دەکەین، رووی دەرەوەی دیوارەکان بە گەچ روپۆش دەکەین ئینجا نەوت و رۆنی ((بزافین))، دەکەینە سەر ئەو شوێنانەی کە پێویستە بسوتێ،لەرێگای ئاگری کارەبایی یەکێك لە لا دیوارەکانی خانوەکە گڕ دەدەین،بەهۆی رۆنی بزافین و نەوتەکە ئاگرەکە لە ماکێتەکە هێواش هێواش بەرز دەبێتەوە،بەلاّم ئەگەر دیمەنەکە پێویستی بەوە هەبوو خانوەکە بتەقێتەوە ئەوکاتە کەمێك لە ماددەی تەقەمەنی مەگینیسۆم و کبریت بەکاردەهێنین، ئەگەر دیمەنەکە وا پێویستی کرد کە خانوەکە بروخێت ئەوا لەرێگای راکێشانی ئەو پەتە باریکە بەستراوانەی بە هەموو پایە و لایەکانی ماکێتەکە ئەنجام دەردێت.

# تێکشکانی بەلەم

ئەگەر ویستمان دیمەنی تێکشکانی بەلەمێك لە ناو ستۆدیۆ یەکدا وێنەبگرین دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە کاربکەین.



یەکەم جار بەلەمە راستەقینەکە لە کەناری دەریایەك وێنە دەگرین پاشان لە ستۆدیۆکەداا، تاڤگەیەك لە کەناری روبارێکی دەست کرد دروست دەکەین و هەندێك لە دار و رووەك لە دەور و بەری دادەنێین و بە هۆی بەرمیلێکی بچوکی پڕ لە ئاو جولە بە تاڤگە و روبارەکە دەکەین بەلەمێکی یاریکردن هەندێك لە بوکۆڵەی دەخەینە ناو، هەموو شتێك لە سەر شێوەی کەشتی و کەسە راستە قینەکان دروست دەکرێن،بێگومان لە کاتی تێکشکانی بەلەمەکەدا بینەر گرنگی بە کارەساتەکە نادات،لەبەرامبەردا دیمەنکە هەست و سۆزی بینەر دەجولێنێ و خەفەت باری دەکات،ئەگەر بەخێرایەکی زیاتر لە خێرایی نیشاندانی فیلم وێنەی ئەو جۆرە دیمەنانە بگرین ئاکامێکی چاکمان دەست دەکەوێ بەوەی کە وێنەکان لەسەر شاشە بەهێواشی ((سلۆمۆشن))دەردەکەوێ،یان بەخێرایی ئاسایی وێنە دەگیرێ و لە کاتی مۆنتاژ کردندا دەست کاری خێرایی وێنەکان دەکرێت و لە خێرایی ئاسایی کەمتر دەکرێتەوە کۆمپیوتەریش بە وردەکاریەوە ئەو کارە جێ بەجێ دەکات،بەم شێوەیە دیمەنی شەپۆڵەکانی روبارەکە جوانتر دێتە بەرچاو و کاتێکی زۆرتریش لەسەر شاشە دەمێنێتەوە،ئەمە و بەسود وەرگرتن لە دیمەنە راستە قینەکە و تێکەڵ کردنی لەکاتی مۆنتاژدا نزیکترمان دەکاتەوە لەراستی و وادەکات بینەران زیاتر بڕوایان بە رووداوەکە هەبێت.

# کەوتنە خوارەوەی شەمەندەفەرێک بۆ ناو ئاو



کاتێك دەمانەوێ وێنەی شەمەندەفەرێك بگرین کەدەیەوێ لەسەر پردێك بپەڕێتەوە و لەڕێگای پەڕینەوەدا پردەکە دەروخێ و شەمەندەفەرەکە دەکەوەێتە ناو روباری ژێر پردەکە. فیڵی ئەم جۆرە دیمەنانە بەم شێوەیە جێ بەجێ دەکرێت:

شەمەدەفەرێکی راستە قینە وێنە دەگرین تا لەکەناری روبارێك نزیك دەبێتەوە واتە پێش ئەوەی بگاتە سەر پردەکە،پاشان شەمەندەفەرە راستە قینەکە بە شەمەندەفەرە بچوك کراوەکە دەگۆڕینەوە و لەجیاتی کەسە راستە قینەکان بوکۆڵە بەکار دەهێنین ئینجا وا دەکەین شەمەندەفەرە بچوککراوەکە بەسەر نمونە بچوککراوە((ماکێت))دا بڕوات،بناغەی پردەکە بە پەتی زۆر باریك گرێ دەدەین،کاتێ دەمانەوێ شەمەندەفەرەکە بکەوێتە خوارەوە لەدوورەوە بەهۆی راکێشانی پەتەکان پردەکە دەڕوخێنین،کرداری دواتر وێنەکان گەورە دەکەین تاکو لەگەڵ وێنە راستەقینەکان یەکسان دەبێت،سەر ئەنجام ئەو دیمەن دروست دەبێت کەدەمانەوێ،بەلاّم نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کەوا فیڵی تەکنیکی بوکۆڵە بۆ دیمەنی شەڕ و پێکدادانیش سودی لێ وەردەگیرێ.

# جوڵانەوەی کەشتییە دروستکراوەکان




لەڕێگای جولانەوەی چەند پەتێکی باریکی گرێدراو بە ژێرەوەی بەلەمێك یان کەشتییەك،لەناو ئاوی حەوزێك، جولە دروست دەبێت،بەمەرجێك رەنگی ئاوەکە کەمێك تاریك بکرێ و چوار دەوری حەوزەکە بە بەرگی رەش یان شین داپۆشرێ،بۆ ئەوەی ئەو پەت و کێبلانەی کە لە ژێرەوە بۆ جولانەوە بەکاری دەهێنرێت بەدیار نەکەون،دەتوانرێ کەمێك لە خاوێنکەرەوەی پیشەسازی وەك ((سابوون و تاید))بکرێتە ناو ئاوەکە بۆ ئەوەی بە ئاوی راستە قینەی روبار بچێت.

# فیڵی ماکێتی زەبەلاح




ماکێتی زەبەلاح لە پێناو کارتێکردنی بە هێزی جەماوەری داهێنرا, وەك (ئاژەڵی زەبەلاح) کـە لە چەندین فیلم بەرچاومان دەکەوێت و (گورێلا)ی ترسناك کە لە فیلمی (کیـنگ کـۆنگ) بـە دیارکەوت و هەموو دانیشتوانی شاری نیۆیۆرك لە ترسان رایان کرد و بـووە هـۆی گـەورەترین کارەسات, هەمان حاڵەت لە (ماسی قرش) یش دەبینرێت کە لە فیلمی (دەمێکی ترسناك) بە دیاردەکـەوێت, جگـە لەمانەش،لـە ژمارەیـەکی زۆر لـە فیلمـەکان ئـاژەڵ و باڵنـدەی نـامۆ دەردەکەوێت کە سەرکەوتنی ئەو فێڵانە دەردەخات.

جێگای سەرسوڕمانیش نییە کە پێشوازی خـەڵك بـۆ ئـەو جـۆرە فیلمانـە بـێ وێنەیـە! ئـەو ئاژەڵانەش تەنها بووکۆڵەی گەورەن و وەك ئامێرێك بەکار دەهێنرێن.

# فیڵمی کارتێکەرە تایبەتەکان

## باران



دروستکردنی باران لە سینەمادا بە هۆی تۆڕێکی لە بۆری دروستکراو و تێک هەڵکێشراو ئەنجام دەدرێت. بۆڕییەکان بۆ مەبەستە تەکنیکیەکان کون کون کراون, کاتێ لە خوارەوە پاڵەپەستۆی ئاو دەگاتە تەختەی پێچەوانەکەرەوە, ئاوەکە لە شێوەی بارانێکی رێک و پێك دابەش دەبێ و دێتە خوارەوە و دەتوانین ئەو کردارە لە رێگای ئاو پرژێنی باخچەکانیشەوە جێبەجێ بکەین, چەند ئاو پرژێنێك لە شوێنی دیاریکراو جێگیر دەکرێن لەو کاتەی کە پاڵەپەستۆی ئاویان بۆ دەنێرین, دیمەنی بارانێکی ڕاستەقینەمان بۆ دروست دەبێ.

## تەقەمەنی



دەنکەکانی مەگنیسۆم و پۆدرەی کبریتی گیایی دوو کەرەستەی باو و شیاون لە بەکارهێنانی ئەو فێڵە دا.

لە ڕێگای فتیلەی داگیرساو،کبریتی گیایی دادەگیرسێنرێت,لە ناوەڕاستی ئامێری تەقینەوەدا گەیەنەر لە ناو لوولەی هەوایی دادەنرێت ئەم کردارە بۆ خاڵی کردنەوە و وەدەرنانی هەوایەکەیە، کە لە ڕێگای خولی کارەبایی داخراو کار بەو ئامێرە دەکات.

هەوا پەستێنراوەکە پاڵ بە پۆدرە کبریتیە گیاییەکەوە دەنێ و لە کونەکانی ئامێرەکەوە دەگاتە فتیلە داگیرساوەکە, لە ئەنجامدا دەبێتە ستوونێکی گڕداری بەهێز،دەتوانرێ بەبێ کەوتنەوەی زیانی گیانی و ماددی کارەکە بە جوانترین شێوە ئەنجام بدرێت و دیمەنی سەرنج ڕاکێش و نزیك لە واقعی لێ دروست بکرێت،هەروەها کرداری مۆنتاژ و ئیفێکتی کۆمپیوتەر و جۆرەها پرۆگرامی تایبەت بەو کارانە لەبەر دەستن بۆ ئەوەی کردارەکانە زانستیانەتر بەئەنجام بگات.

# تفەنگ و دەمانچە و خوێن



لــە جێبــەجێكردنی هەنـدێك دیمـەنی سـینەماییدا پێویــــستیمان بـــە تفـــەنگ و دەمانـــچە و وردەكاریــەكانی دەبێــت, لــەو كاتــەدا پــەنا دەبەینە بەر چەكەكانی یـاریكردن ،وردە دەسـتكارییەك دەكرێت بۆ ئەوەی لە چەكە ڕاستەقینەكان نزیك بێتەوە, هەر پارچە چـەكێك كـەمێك پـۆدرەی سـپی تێــدەكرێت بــۆ ئــەوەی لــە كۆتــایی هــەر تەقەیەكدا دووكـەڵی لیٚ هەڵبـستیٚ, ئەگـەر ویستمان دووكەڵی تەقەكان زیادبێت ئـەوا برێـك نیـشاستەی گەنم بۆ ناو گوللە دەستكردەكان زیاد دەكەین, ئەگەر دیمەنێك وای پێویست كرد كە گوللەیەك لەسەری ئەكتەرێك بتەقێتەوە لەو كاتە لەرێگای دەمانچەیەكی یاریكردنەوە كەبـسوولێكی پڕ لە بۆیاغی سوور ی تایبەت،نیـشانەی شـوێنی دیـاریكراو دەكرێت, هەندێك جاریش كەبـسوولەكە لەسـەری ئەكتەركـە دەبەستریٚ و بە جووڵەیـەكی تەمـسیلی پاڵەپەسـتۆی لەسـەر دەكـا بۆیاغـە سـوورە تایبەتییەكە،دێتــە خــوارەوە وا خـۆی نیشان دەدات كە شوێنەكە بریندار بووە و خوێنی لیٚ دەتكیٚ.



# تێکشکانی کەلوپەلی ناو ماڵ



هەندێك جار لە یەکێك لە دیمەنەکاندا دەبینین کەلوپەلی ماڵ و کورسی و شتی دیکە دەشکێنرێن, لە راستیدا ئەو کەلوپەلانە ڕاستەقینە نین و بە شێوەیەك دروست کراون تەنها بەیەك نوسێنراون،مرۆڤ دەتوانێ بە کاریان بێنی و لەسەریان دانیشێ, دوای ئەوەی کە بەسەری ئەکتەرێك یان کەلوپەلێکی دیکەدا دەکێشرێ, دەشکێ و لێك دەترازێ, کەلوپەلەکانیش لە رێگای چەند پارچەیەکی بچووکەوە بەیەکەوە نووسێنراون, بۆیە شکان و تێکدانیان زۆر سانانیە, پاش ئەوەی کەلوپەلەکان بەکار دەهێنرێن لە رێگای پارچە بچووکەکانەوە دەتوانرێ جارێکی دیکە کۆ بکرێنەوە و دووبارە بەکار بهێنرێنەوە.

# تـــــــەم



بۆ ئەوەی لە کاتی وێنەگرتندا دیمەنی تەماویمان بۆ بەرجەستە بێت, هەندێك ئاو لە ناو (قاپێك) دەکولێنین, بەمەرجێك قاپەکە لەناو بۆرییەکی تایبەتیدا بێت, لە رێگای هاتنە دەرەوەی هەڵمی ئاوە کوڵاوەکە, چەند پارچە سەهۆڵێکی وشك دادەنرێت کە بریتیە لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی پەستێنراو لەو کردارە بەفرەکە لە رەقەوە بەرەو گاز خۆی دەگۆرێ بە بێ ئەوەی بە دۆخی شلیدا تێپەرێت ئەم کردارە زەحمەت و هەندێك مەترسیدارە.

لە سەرەتای دروست بوونی سینەما سودی زۆری لێ وەردەگیراوە،بەلاّم دوای پێشکەوتنی بەرچاوی تەکنەلۆژیای سینەما و داخوازی بینەر بۆ کرداری راستەقینەتر،ئامێری پێشکەوتوو هاتە نێو بوارەکە و لەرێگای تەزووی ئەلکتریکیەوە زۆر بە ئاسانی بەکاردێت و تا ئەو رادەیە پێشکەوتوە کە بە کارهێنەر دەتوانێ رەنگی تەم و ئاست و شێوە و قەبارەی دەستکاری بکات و چەندین ئیفێکت و فێڵی دیکەشی لەگەڵدا بەکاربهێنێت.


# شووشەشکاندن



ئەو شووشانەی کەلە دیمەنێکدا دەشکێنرێن, شووشەی ڕاستەقینەنین, بەڵکو لە گیراوەی پەیتی شەکر دروست دەکرێن, بە پێی قەبارەی ویستراو ئەو گیراوەیە دەخرێتە ناو حەوزێکی گەورە و تایبەتی, کاتێ کە وشك دەبێتەوە شێوەی تابلۆیەکی شووشەیی چوار چێوە بۆ دیاریکراومان بۆ دەردەچێ,بۆیە ئەو ئەکتەرەی تابلۆیەکی شووشە دەشکێنێ هیچ شوێنێکی بریندار و زیان پێگەیشتوو نابێت, چونکە لە راستیدا تابلۆیەکی لە شەکر دروستکراوە و بە سانایی دەشکێنرێ،ئێستاکەش دوای پێشکەوتنی گەورەی هونەری سینەما چەندین کارگەی گەورە و زەبەلاح و تایبەت مەند بەو بوارە کەوتونەتە کارکردن و داهێنان.

## ئــــــاگـــــــر

بۆ بەرپابوونی ئاگرێکی گەورە لە یەکێك لە دیمەنەکاندا,هانا وەبـەر ئـاگرێکی بـچووك دەبەین، تەنها لە پارچە پەمۆیەکی بە ئەلکهوول تەڕکراو پێك دێت.



لە رێگای دانانی لـە بـەردەم لێنـزی کامیرا و گـەورەکردنی وێنەکـە بـە هۆی کرداری وێنەگرتنـەوە,ئاگرەکـە گەورەتر خۆی نیشان دەدات،هەروەها بۆ ئەوەی بینەر زیـاتر دیمەنەکـە بـە دیمـەنێکی راسـتەقینە تێبگـات دەتـوانرێ چـەند کـەل و پـەل و ئێکسـسوار و دیکـۆرێکی دیمەنـە راسـتەقینەکە لـە نـاو ئاگرەکـە دەربکەوێ ئەمەش لـەو حاڵەتـە روو دەدات ئەگـەر دەرهێنەر،دیمەنەکـەی بەو شێوەیە پێ باش بێت و خزمـەت بە بەرەو پێشەوەچوونی دراماکە بگەێنێ.لەسەردەمی ئێستاشدا دانـانی پـەردەی شـین یان سەوز لە باگراوندی ئاگرەکە و دواتر لە قۆناغی مۆنتاژ رەنگی پەردەکە هەڵدەگیرێ و دیمەنی خواستراو دەخرێتە شوێنی و بە پرۆگرامە پێشکەوتووەکانی کۆمپیوتەر زیـاتر یاری بە دیمەنەکە دەکرێت و لە روداوێکی راستەقینە نزیك دەکرێتەوە.

# فیڵمەکانی وێنەگرتن



زۆرجار لەسەر شاشە،بەخێرایی جوولەی گەشەکردنی روەکێك دەبینین لە راستیدا ئەو گەشەکردنە چەندین شەو و رۆژی پێویستە بۆ ئەوەی بە سروشتی خۆی ئەنجام بدرێت،واتە کاتێکی زۆر بەسەر دەچێ بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتە بە ئاسایی روبدات,بەڵام لەبەر چاوی ئێمەی بینەر لەرێگای سکرینەکانەوە جا چ تەلەڤزیۆن بێت یان سینەما بە چەند چرکەیەك نەش و نما دەکات و گەورە دەبێت, ئەو جۆرە وێنەگرتنە بە جۆرە سیستەمێك وێنە دەگیرێت کە خێراییەکەی زۆر لە خێرایی ئاسایی کەمترە.

هەر کاتژمێرێك یا هەر رۆژێك چەند خولەکێك وێنەی رووەکەکە وەردەگیرێ, ئەو وێنانەی کە لە ماوەی لێکدوور و جیاوازدا وێنە گیراون, لە کاتی پێگەیشتنی رووەکەکە دەچنە پاڵ یەکتر و جوانی ئەو کردارەمان دەکەوێتە بەرچاو, ئەو جۆرە فێڵە متمانە دەکاتە سەر کەمکردنەوەی خێرایی لە وێنەگرتندا،خێرایی ئاسایی لە کامیرای سینەمایدا ٢٤ وێنەیە لە یەك چرکەدا،بەلاّم کاتێ بۆ کارێکی تایبەتی لەو شێویە خۆمان ئامادەدەکەین دەبێ خێرایی وێنەگرتنەکە کەم بکەینەوە بۆ ١٠یان١٥وێنە لە چرکەیەکدا دواتریش لەکاتی نیشانداندا بەخێرایی ئاسایی واتە ٢٤ وێنە لە یەك چرکەدا نمایش دەکرێت بەو جۆرە دیمەنەکە بە خێرایی دەکەوێتە بەرچاو،بەلاّم لە کاری ڤیدیۆیدا وێنەگرتنەکە بە ئاسایی ئەنجام دەدرێت واتە ٢٥وێنە لە چرکەیەکدا و پاشان بەهۆی پرۆگرامەکانی مۆنتاژکردن لە کۆمپیوتەردا خێراییەکە زیاد دەکرێت تا ئەو ئاستەی وەك دیمەنێکی جوان دەبینرێت.


# پەردەی شوشەی وێنە دار

هەندێ جار بۆ وێنە گرتنی دیمەنێك یان چەند دیمەنێك پێویستمان بە باڵە خانەیەك یان پەرستەگەیەك یان شوێنە وارێك دەبێت.

بۆ وێنە گرتنی راستە قینەی ئەو جۆرە دیمەنانە دەبێ برە پارەیەکی زۆر خەرج بکرێت و ماندوو بوون و کاتێکی زۆریشی پێویست دەبێت تاکارەکە رێك دەخرێت،بۆ ئەوەی خۆمان بەدوور بگرین و زیاتر پارە و کات بە فیرۆ نەدەین،دەبێ لە فێڵێك بگەرێین تا ئەو کارەمان بۆ ئاسان بکات،ئەویش بەم شێوەیە دەبێت:

لە رێگای وێنە کێشێکەوە تابلۆی ئەو شوێنە دەکێشرێ کە دەمانەوێ وێنەی بگرین،پاشان دەست بە برِینی ئەو شوێنانە دەکەین کە وێنەی لە سەر کێشراوە بۆ نمونە شوێنەکە دەرگای باڵە خانە یەکە،ئینجا تابلۆ براوەکە لە سەر پارچە شوشەیەك لە بەردەم کامیرادا جێگیر دەکرێت لە رێگای بۆشاییەکانەوە وێنەی ئەکتەرەکان دەگیرێ لەو کاتەدا وا دێتە بەرچاو کە ئەکتەرێك لە دەرگای بالە خانەیەك دەچێتە ژوورەوە یان دێتە دەرەوە،بەلاّم لەسەردەمی کۆمپوتەر و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەرێگای پەردە شین و سەوزەکانەوە تەنها پێویستمان بە وێنەگرتنی شوێنە راستەقینەکە دەبێت و دواتر بەهۆی لابردنی رەنگی شین یان سەوزی ناو ستۆدیۆ دیمەنەکە دەبێتە باگ راوندی ئەکتەر و روداوەکان و زیاتر لە دیمەنێکی راستەقینە خۆی نزیك دەکاتەوە.

# وێنە گرتنی دوانەیی



هەندێ جار ئەکتەرێك لەیەك دیمەندا بەر جەستەی دووکارەکتەری جیاواز دەکات،وەکوو باوك و کوڕ یان برا لەگەل ٚ برایەکی دیکەی،ئەو فیڵمش بەم شێوەیە وێنە دەگیرێ:

١-نیوەی لێنزی کامیرا بە قەپاغێکی رەش دادەپۆشرێ بۆ ئەوەی رووناکی کار لەو شوێنە نەکات.

٢-کامیرا لە شوێنێکی دیاری کراو جێگیر دەبێت.

٣-کاتێ ئەکتەرێك بەرجەستەی کارەکتەری یەکەم دەکات شوێنێکی دیاری کراوی بۆ دەست نیشان دەکرێت.

٤-ئەو بەشەی فیلمەی(خام)کە وێنە دەگیرێ دووبارە دەخرێتەوە شوێنی وێنە گرتن واتە ناو کامیرا کە دەکەوێتە پشتەوەی لێنز ئینجا قەپاغە رەشەکە لە شوێنی یەکەم هەڵدەگیرێ و دەخرێتە نیوەی بەرامبەری لێنزەکە.



٥-ئەکتەری دەست نیشان کراو بۆ بەرجەستە کردنی کەسی دووم لــە شــوێنێکی شــیاو جوولە دەکات بە مەرجێك هەموو جوولەکان وەلامێك بێ بۆ کەسی یەکەم، بەوشێوەیە دەتوانین لە ناو یەك کادر دوو هەڵوێستی جیا بۆ یەك ئەکتەر وێنە بگرێن.

بەلاَم دەبێ بزانین ئەو تەکنیکانە بۆ سەردەمی خۆی داهێنانی مەزن بو و ئێستاکە لەگەڵ دیار کەوتنی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو،زۆربەیان کۆن بوون کاریــان پێ ناکرێ،پرۆگرامە تازەکان بەتایبەتیش ئەوانــەی کــاریD٣دەکــەن زۆر هونەریانــە و زانستیانەتر هەموو داخوازیەکان جێ بەجێ دەکەن.

## بەشی دووەم

# بەهێزترین ٥٠ دیمەن لە مێژووی سینەمادا

ئەو چرکەیەی کە ٢٤ کادر تێپەڕ دەکات سەرچاوەی ئەفسونی سینەمایە هەندێك دیمەنی کاریگەری ڕۆژانە، شاشەگەورەی سینەمامان بیر دەخاتەوە بۆیە دروست کردنی دیمەنێکی بەهێزو کاریگەر هیچی لە دروستی کردنی فیلمێکی باش کەمتر نییە.

لەخوارەوە بەهێزترین ٥٠ دیمەن لە مێژووی سینەمادا دەست نیشان دەکەین کە گۆڤاری( ئەمپایەر )ی تایبەت بەسینەما بلاّوی کردۆتەوەە :

## ٥٠- شەڕی ئەستێرەکان
## STAR WARS




لە بۆشاییەکی بێ سنوردا گوێ بیستی پارچە موزیکێکی ریتم خێرای جەنگ دەبین، لە فیلمی شەڕی ئەستێرەکان کە ساڵی ١٩٧٧ بەرهەم هاتووە ئەو دیمەنە بەرچاودەکەوێ لەشوێنێکی نادیاردا لەشێکی بچوك دەکەوێتە بەر لێنزی کامیرا،بۆ شوێنێکی وون دوور دەکەوێتەوە لەو کاتەدا روناکی لەیزەر دواوەی کەشتیەکی ئاسمانی روناك دەکاتەوە، چەند چرکەیەك و پاشان تێکدەرێکی زەبەلاح دێتە ناو کادر وردە وردە لەکامیرا نزیك دەبێتەوە تا ئەو چرکەیەی بەرونی بەرچاو دەکەوێ.

## ٤٩- ئەو کچە سیخورەی کە منی خۆش ویست


## THE SPY WHO LOVED ME




هەلاتن لە ترسی گوللەی کوێرانە، بەدەستی چەند کەسێکی نادیار ئاراستە دەکرێ (جیمس بۆند)(رۆچەر مۆر)لە فیلمی (ئەو کچە سیخورەی کە منی خۆش ویست) سالّی ١٩٧٧ بەرهەم هاتووە، ناچار دەبێ خۆی بداتە پالّ چیایەکی بەفرین،لەو کاتەدا موزیکی (مارڤن هاملش)دەوەستێ تەنیا دەنگی رەشەبا دەبێتە کارتێکەری دەنگی ، لەگەلّ ساتێکی ترسناك لەو دیمەنەی کەتەمەنی تەنیا ٨ خولەکە، لە ئەنجامدا (جیمس بۆند)بەرێگایەکی زۆر سەیر خۆی لەو کاتە پڕ مەترسیە رزگار دەکات.

٤٨- دیسپرادو

**DESPERADO**




دوای ئەوەی کە (مەریاتش)(ئەنتۆنیۆ باندریاس) لەکوشتنی نزیکەی نیوەی دانیشتوانی مەکسیك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ، بڕیار دەدات تەقینەوەیەکی زۆر گەورە ئەنجام بدات،بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو پڕۆژەیە (کارۆ لینا)سەلمە هایك) کە خۆشەویستی مەریاتشە هاوکاری دەبێ و بۆ ئەو ئامانجە دەستیان دەخەنە نێو دەستی یەکتر و لە نێو تۆپێکی ئاگرین دێنە دەرەوە، ئەو دیمەنە لە فیلمی (دیسپرادو)کەلەساڵی ١٩٩٥ بەرهەم هاتووە وەك چەند چرکەیەکی سەر سوڕهێنەر بەرچاو دەکەوێ.

## ٤٧- مردنی شەر

## DEAD BY DOWN



لەناوەراستی جەنگێکی گەورەدا پارچە موزیکێکی بەهێز ئاشنای گوێچکەمان دەبێت،لەو کاتەدا (ئاش)چەکێکی نوێ بەکار دەهێنی،چەندین گوللەی هەردوو لای شەڕکەر بەرچاو دەکەون، ئەو دیمەنە لە فیلمی (مردنی شەڕ)بەشی دووەم کە لە ساڵی ١٩٨٧ بەرهەم هاتووە بەرچاو دەکەوێ،لە چەند چرکەیەکی ئەو دیمەنەدا کامیرا بەڕوی بینەراندا دەتەقێتەوە،لەو کاتەدا شەڕ کەرێك بەوشەی شەڕ (گروڤی)هاواری لێ هەڵدەستەتێ.

## ٤٦- ئالانی گەشتیار

لەچرکەیەکی رۆمانسی زۆر نایابدا (چیری دی دیوارنس) بەشێوازێکی سینەمایی دوو جگەرە بەیەك جار دەخاتە سەر لێوەکانی و دایان دەگیرسێنێ دواتر یەکێکیان دەداتە دەست (شارلۆت ڤێلێ)(بیتی دیڤز)


ئەو دیمەنە لە فیلمی **ئالانی گەشتیار** بەر چاو دەکەوێ،کە ساڵی **١٩٤٢** بەرهەم هاتووە، دواتر چەندین فیلم لاسای ئەو دیمەنەیان کردۆتەوە بەلاّم تا ئێستاش ئەو دیمەنە جوانە لای بینەرانی فیلمی (**ئالانی گەشتیار**)بیر ناچێتەوە.

## ٤٥-جلینجاگرین رۆز

لەساڵی**١٩٩٢** بەرهەم هاتووە یەکێك لە دیمەنەکانی بریتییە لە بانگ هێشتکردنی گشت فەرمانبەرانی کۆمپانیایەکی زەوی و خانو،تەمەنی ئەو دیمەنە تەنیا **١٣** خولەکە، ئەنجامدانی هونەری و تەکنیکی لەو دیمەندا زۆر بەرز دێتە بەرچاو.

٤٤- پەڕینەوەی میللەرس

## MILLER` S CROSSING





لەکاتێکدا کەسەرۆکی کۆمەڵێك چەتە ( لیو) (ئەلبێرت فینی) لەژوری نوستنی خۆیدا گوێی لە پارچە موزیکێکی هێمن گرتووە،چەند کەسێکی کلاو لەسەری چەك بەدەست هێرشی بۆ دەبەن ئەویش لە چاو تروکانێکدا هەڵدەستێتەوە لەیەکێکیان دەداو چەکەکەی دەستی وەردەگرێ و خۆی دەهاوێتە دەرەوەی پەنجەرە ی ژورەکەی،بەرێگایەکی زور شێتانە فیشەك دەخاتە بەر چەکەکەی،لەوکاتەدا موزیکی (دانی موی) هەر بەردەوام دەبێت، ئەمە بە دیمەنێکی زۆر هونەری دەژمێردرێ کە لە فیلمی (پەڕینەوەی میللەرس)بەرچاو دەکەوێ ، لە سالی **١٩٩٢** بەرهەم هاتووە.

## ٤٣- داخستنی شەمەندەفەر
## MYSTERY TRAIN





لە ساڵی ١٩٩٨ بەرهەم هاتووە،هەردوو هەرزەکاری ژاپۆنی (چون)(ماسوتوشی ناجاز ) (متێزو )(یۆکی کودوە )لەیەکێك لەمیوانخانەکان دەوریان گێراوە (متێزو کوو)حەزی دەچێتە ئەوجگەرەیەی کەلەسەر گوێچکەی (چون)دانراوە،بەجولەیەکی زۆر بە پەلەو هونەری ئاگر پێکەرەکەی دەردەهێنیێ و جگەرەکەی دادەگیرسێنی،لەو چرکەیەدا پەنجەکانی دەست هیچ کارێك ناکەن , ئەمەش بە یەکێك لە دیمەنە هەرە جوانەکان دەژمێردرێ.

## ٤٢- حەزێکی بنەرەتی



بەناوبانگترین دیمەنی فیلمی حەزێکی بنەرەتی کە لە سالّی ١٩٩١ بەرهەم هاتووە، ئەو دیمەنەیە  لە پۆلیسخانە لێپرسینەوە لەگەڵ رۆمان نووس (کاترین ترامێل)دەکرێ کە بەجلێکی سپی و قژێکی رێك دێتە بەر چاو،دەست دەکات بەوەلاّم دانەوەی پرسیارەکان، لەو کاتەدا دەیەوێ جگەرەیەك داگیرسێنێت بەلاّم پۆلیسێك پێی دەلّێت جگەرە کێشان قەدەغەیە،ئەوەیش لەوەلاّمدا دەلّێ ئەگەر دایگیرسێنم چیم لێ دەکەن،دەی بەجگەرە کێشان تاوانبارم کەن،دوای ئەو دایەلۆگە بەهێزە کاترین بە شێنەیی جگەرەکەی دادەگیرسێنێ.

## ٤١- خاڵی کولاَن
## POINT BLANK




کاروانی تۆڵەسەندنەوە لەو کاتەدا لای (ئەنجیل وکر)(لی مارڤین)دەست پیّ دەکات کە لەمردن رزگاری دەبێت،سەرەتا (وکر) بە ژنە ناپاکەکەی دەست پیّ دەکات کاتیّ لەنێو باڵاخانەکەی خۆیدا بەرو پۆشێکی ئاسنین بەرچاو دەکەویّ،هەنگاوەکانی وەك چرکەکانی پێش تەقینەوەی بۆمبێك دێتە بەر چاو و گوێچکە ئەو دیمەنە لە فیلمی (خاڵی کولاَن ) لەساڵی ١٩٦٧ بەرهەم هاتووە بەرچاو دەکەویّ.

## ٤٠- گەڕانەوەی چیدی

ئازادی یان مردن ئەمە دوا هەلتە ....بەم شێوەیە (لۆك سكای وكر)(مارك هامێل) بەڕوی گەورە تاوانبارێك هاوار دەكات، كاتێك ئەو هاوار كردنە بێ ئاكام دەبێت(سكای وكر)بەشی دووەمی كارەكەی جێ بەجێ دەكات،بەڕوناكی ئاگری چەند گوللەیەك شوێنەكە دەهەژێنێ بەم جۆرە شەڕێكی گەورە لە فیلمی(گەڕانەوەی چیدی)كەلەساڵی **١٩٨٣** بەرهەم هاتوە رودەدات.

## ٣٩- بـــــەز
## lipid

كاتێ (ساندی ئۆلسن)-ئۆلیڤا نیۆتن چۆن) لەنێو سەر سوڕمانێكی زۆرەوە،دەگاتە شوێنی دیاریكراو سلاو لە (دانی بێردز)(جۆن ترا ڤۆلتا) دەكات كە لەساڵی **١٩٧٨** بەرهەم هاتووە دەنگی (زۆكۆ)و هەنگاوەكانی (ئۆلسن)وەك ریتمێكی موزیكی بەجۆش دێتە بەرگوێ.

## ٣٨- كولاَنى تەواو



كات كـاتى شـەڕكردنە لـە دژى چـــــــــەند شەڕخوازێك،ئەفـــــسەرى پۆليس (تيكـيلا)(تـشوبون فات)بـەرەو شــوێنى روداو هــەنگاو دەنــێ و دەيــەوێ منداڵێكى بــێ گونـاه لـە ژوورى چـاودێرى پزيـشكى دەرباز بكات،دەمانچەكەى لـــە دەســـتێكى دايـــە و بەدەســـتەكەى ديكەشـــى منداڵەكـــــــــەى هەڵگرتووە،لەگەڵ پارێزگارى كردن لە شوێنى خۆى دژى شەڕ خوازەكان تەقە دەكات،لە يەكێك لە چركەكانى ئەو شەڕدا پۆليسەكە ملى منداڵەكـە لـەخوێن پـاك دەكاتـەوە و هاوار دەكات (ئەمە كارێكى قەدەغەيە) ئەم ديمەنە لە فيلمى (كولاَنى تـەواو) بەرچـاو دەكەوێ كە ساڵى ١٩٩٢ بەرهەم هاتووە.

**٣٧- پیلما و لویز**



له رێگای گەشتێك به نێو وڵاتدا،هەردوو كچه ئەكتەری ناودار(پیلما)(چینا دیفیس)(لویس)(سوزان ساراندون)روو بەڕوی شوفێری لۆرییەكی گەوره دەبنەوه، كابرای شوفێریش كه دیمەنی ئەو دوو كچه جوانه دەبینێت سەر سام دەبێت وادەزانێ بەختی گۆڕاوه،بۆیه دڵی خۆش دەبێت و لێیان نزیك دەبێتەوه لەو كاتەدا هەردوو كچەكه دەمانچەكانیان دەردەهێنن و لۆریەكه دەكەنه پارچەیەك له ئاگر، ئەو دیمەنه له فیلمی (پیلما و لەویز) بەرچاو دەكەوێ كه ساڵی **١٩٩١** بەرهەم هاتووه .


## ٣٦- حەوت

## SEvEN

کاتیێ کە(سیکۆباتی)(چۆن دوو)خوێن بەهەموو جەستەی دا دێتە خواریێ لە خالێکی بێدەنگیدا بیر لە خۆ بەدەستەوە دان دەکات،لەناکاو توشی بە دوو پۆلیس (میلیس)(برات بیت)(سۆمرست)(مۆرجان فریمان)دەبێت و ئەوانیش قۆڵ بەستی دەکەن و دەیبەنە پۆلیس خانە، لەویێ قەڵەباڵغییەکی زۆر هەیە،کاتێك خەڵکەکە ئەو دیمەنە دەبینن سەرسام دەبن و واقیان وڕ دەمێنیێ بۆیە هەریەکەو بۆ لایەك رادەکەن،ئەوە لە فیلمی (حەوت)بەرچاو دەکەویێ کە لە ساڵی **١٩٩٥** بەرهەم هاتووە.

### ٣٥- لـــيــــــۆن

**LEON**



ساڵی ١٩٩٤ بەرهەم هاتووە،خانەوادەی (ماتیلدا)(ناتالی بورتمان)دەیانەوێ سنورێك بۆ بازرگانی تریاك دابنێن،لەلایەكی تردا(ستانسفیێڵد)(جاری ئۆڵد مان)خولیای تریاك كێشان بووە ئەوە ندە چێژی لێ وەردەرگرێ لەیەكێك لەدیالۆگەكانیدا دەلێت:

بەو كردارە بتهۆڤن و كوشتنی مرۆڤ و موزیكی كلاسیكم بیر دێتەوە.لەوكاتەدا جوانترین وێنەی سینەمایی بەرچاو دەكەوێ.

## ٣٤- دامی هەڵاتوو

لەنێوان دوو لایەنی شەڕکەردا شەڕێکی گەورە روودەدات لەناکاو کابرایەکی نادیار(روی باتی)(روتجر هاور)لەکوشتن رزگاریان دەکات و شەڕەکە کپ دەکاتەوە،چەند دیالۆگێکی پڕ بەها لە بیری بینەران تۆمار دەکات،دوای بینینی فیلمی (دامی هەڵاتو)کە لەساڵی ١٩٨٢ بەرهەم هاتووە هەرگیز دیمەنە جوانەکانمان بیر ناچێتەوە.

## ٣٣- تاوانبارانی ئاسایی

کاتێك کە (کوچان)(تشارلز بالمنتیری)پۆلیسی نهێنی تاوانبار(ڤیربال کنت)(کیڤن سبیسی)ئاشکرا دەکات، لەکاتی بەئەنجام گەیشتنی تاوانبار بەدادگا، دیمەنێکی نایاب دەکەوێتە بەرچاوان ئەوە لە فیلمی (تاوانبارانی ئاسایی) دەبینرێ کە ساڵی ١٩٩٥ بەرهەم هاتووە.

## ٣٢- چیرۆکی یاری
## TOY STORY

ساڵی ١٩٩٦ بەرهەم هاتووە لەو فیلمەدا ململانێی توند روودەدات، بەڵام کاتێ زانای بۆشایی ئاسمان (باز لایت بیر ) (تیم ئەلین) توانای خۆی لەفڕین دەردەخات چەند کردارێکی پالەوانی ئەنجام دەدات دەبێتە جێگای سەرسورمانی هەمووان.

## ٣١ باوكی رۆحی
## THE GODFATHER



یەکێك لەدیمەنەکانی فیلمی (باوکی رۆحی) کە لەساڵی **١٩٧٢** بەرهەم هاتووە، چاوپێکەوتنێکی پر لەدڵە راوکێیە لەنێوان خاوەنی گازینۆ (موگرین )(ئەلیکس رۆکۆ)و(مایکل کورالیۆن)(ئاڵپا چینۆ ) رودەدات.

(ئالْپا چینۆ) دەیەوێت بەشی خۆی لەو گازینویە لە موگرین بکرێتەوە،لەوکاتەدا (فریدو)( چون کازیل) برای ( مایکل) داوا دەکات زیاتر ڕێزی (گرین بگیرێ) بەلاّم مایکل پێی دەلێت( فریدۆ تۆ برای منی و خۆشم دەوێت جارێکی تر پشتگیری کەسێك مەکە دژی خانەوادەکەمان بوەستێتەوە ....). ئەو رستەیە بەشێوەیەك لەزاری (ئالْپا چینۆ) دێتە دەرەوە هەرگیز بڕواناکرێ.

## ٣٠- موزیکی برایانی بلوزی

(چیك)(جۆن بیلۆشی)و (ئیللوو دبلوز)(دان ئەکردید)جارێکی تر هەوڵ دەدەن تیپە موزیکیەکەیان لە فیلمی(موزیکی برایانی بلوزی) کۆبکەنەوە، کە ساڵی(١٩٨٠)بەرهەم هاتووە، بۆ ئەو مەبەستە دەچنە لای (فابولاس)کە لە ریزی ئەو تیپە کاربکاتەوە،کەچی (فابولاس)داواکەیان رەت دەکاتەوە و پێیان دەڵێ:

ئێمە لەکاروانێکی خودایی داین.

چەند چرکەیەك بێدەنگی دواتر (فابولاس)پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە نێو کۆڕی موزیك و لەگەڵ برادەرەکانی دەست بە ژەنین دەکاتەوە.

## ٢٩-هەڵاتن لەنیۆرك

## ESCAPE FROM NEW YORK



فیلمێکە ساڵی ١٩٨٨ بەرهەم هاتووە،لەو فیلمەدا سەرکردە (دونالد بلیزنس) خۆی و ئەو کاسێتەی ژیانی خستۆتە مەترسی رزگاریان دەبی،دیمەنی رزگاربونەکە بەشێوەیەکی هونەری بەرز ئەنجام دراوە.

## ٢٨- كۆگای سەگەکان



یانزە  کۆنە شەڕکەر،بەشێوەیەکی زۆر گرنگ دەست بەسەر داگرتنی ٥ میوانخانە ئەنجام دەدەن،لەنێوان ئەکتەرەکانیش (فرانك دیفیز)( پیتەر لوفۆر) (ریتشارد کوتنی) (سیزار رومیر)بەرچاو دەکەون،بەڵام رەسەنایەتی بۆ فیلمی هاوشێوە( زەریای ١١) دەمێنێتەوە کە ساڵی ١٩٦٠ بەرهەم هاتووە.

## ٢٧- شوفێری سانا
## EASY RIDER



لەرێگای (ماردی گراس) (نیو ئورلیاز ) هەردوو شوفێری ماتۆر سکیل (وایان) (پیتەر فوندا) (بیللی) (دینیس هوبەر)دەیانەوێ لەچەند شەقامێکی ئەمریکا شێتانە بپەڕنەوە،ئەو دیمەنە لەفیلمی (شوفێری سانا) کە ساڵی ١٩٦٩ بەرهەم هاتووە بەر چاو دەکەوێ، تەمەنی دیمەنە سەرنج راکێشەکە تەنها ٦ خولەکە.

## ٢٦- بڕێکی زۆر له دۆلار



(کلینیت ئەیستود) پاڵەوانی فیلمی (بڕێکی زۆر لەدولار) کە سالی ١٩٦٤ بەرهەم هاتووە (کلینیت) لەو فیلمەدا هەست بە دڵەراوکێی زۆر دەکات.دوای ئەوەی کە شەڕخوازێك دەیەوی کۆنترۆڵی شارەکەی بکات و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئەسپەی کە زۆر خۆشی دەوێ بەدەستی ئەو پیاو کوژە ژیانی دەخاتە مەترسیەوە .

## ٢٥- رێگای کارلیتۆ

سالّی ١٩٩٣ دەرهێنەری گەورە (براین دی پالّما) بۆ سینەما دەری هێناوە،دوای ئەوەی کە (کارلیتۆ) (ئالّپا چینۆ) بۆ روبەڕوو بونەوەیەکی تازە لەگەڵ بازرگانانی تریاك دەگەڕێتەوە شارەکەی، دووچاری چەندین مەترسی و کارەسات دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ناخوشییەکاندا کارەکە هەر ئەنجام دەدا.

## ٢٤- دەستەیەکی کێوی

ساڵی ١٩٦٩بەرهەم هاتووە،کومەڵێك سەرپێچیکەرانی یاسا بە سەرۆکایەتی (بایك) (ولیەم هودن) بڕیاری دوایین شەڕ بەرامبەر بە پیاوانی یاسا دەدەن،لەکاتێکدا کە زۆر باش دەزانن کاتیان بەسەر چووە و هیچ هیوایەك بۆ رزگار بوون شك نابینن،لە یەکێك لە دیمەنەکانی ئەو فیلمەدا هەوڵی دەرباز کردنی (ئنجیل) (جیمس سانشیز) لەنێو دەستی کۆمەڵێك تاوانباری مەکسیکی دەدرێت،ئەوە بە دیمەنێکی زور نایاب دێتە بەرچاو.

## ٢٣- هاری چەقاوەسوو

پۆلیسێکی دەم و چاو شێواو (هاری کالاهان) (کلینت ئەیستوود)لە کاتی نان خواردنی بەیانیدا گوللەیەکی وێڵ خواردنەکەی بەردەمی پارچەپارچە دەکات،ئینجا هاری بەتوڕەییەکی زۆرەوە بۆلای شوێنی گوللەکە دەچێت،دەمانچەکەی کە لە جۆری (ماگنۆم -٤٤)ە بەهێزترین جۆری دەمانچەیە لەجیهان روبەڕوی تاوانبارەکە دەکات و لێی دەپرسێ (چەند گوللە لە دەمانچەکەی ماوە؟ هەروەها پێی دەڵێ (لەسەرتە پرسیارێك لەخۆت بکەی ئایا هەست دەکەی کە بەخت هاودەمە ؟ باشە تۆش وەك منی وانیە ؟ ) ئەوە بەدیمەنێکی زۆر گرنگ دەژمێردرێ لە فیلمی (هاری چەقاوەسوو) کە لە ساڵی ١٩٧١ بەرهەم هاتووە.

## ٢٢-ئەو پیاوانەی جلی رەش دەپۆشن

لەسالی ١٩٩٨ بەرهەم هاتووە، چەند دیمەنێکی زور دەگمەنی تیادا بـەدی دەکـرێ , یـــــــــەکێك لـــــــــەو دیمەنانـــــــــــە: کـــــــــاتێ هــــــــــەوالگر (چی) ( ویل سمیس) جلی رەشی پۆشیوە و روی خۆی زۆر بەناشیرنی نیـشان دەدات بـە هەوالگرێکی تر دەلێت : جیاوازی چییە لە نیوان من و تۆ... دەزانی؟ وادەکەم ئەو شتەجوان ببینی ! ئەوە دیمەنێکی سەرسور هێنەرەلەو فیلمەدا.

## ٢١- پەنجە زێرینەکان

کاتێ کە(جیمس بۆند) بەجلە تەڕەکانی سەری لەبن ئاوی روبارێك دەردەهێنێت، یارییەکی مندالانەشی لەسەری خۆی بەستووە و بەمەبەستی فریودانی پاسەوانەکان و سەرکەوتنی پرۆژەی رفاندنی کەمێك (هیرۆین).

دوای تەواو بوون و سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە (جیمس بۆند) جلە تەڕەکانی دادەکەنێ و بەجلێگی جوانی سپی دەردەکەوێت پاشان بەرەو کافتیریای( سکوربیۆ)رێ دەکا، ئەو دیمەنە لە فیلمی(پەنجە زێڕینەکان) دەبینرێ کە سالی١٩٦٤بەرهەم هاتووە .

## ٢٠- دەمی درندە

کاتی راوەدوونانی قرشێکی دەریا دیمەنێکی زۆر جوان و رێك دەکەوێتە بەرچاو (رۆبەرت شۆ)و(ریتشارد دریفۆس)) بەشـداری نوانـدنی ئـەو فیلمـە دەکـەن، لەسـالی (١٩٧٥) بەرهەم هاتووە.

## ١٩- دندی نەهەنگ



کاتێ هەردوو ئەکتەر ((بۆل هۆ جان) ((ليندا کوسلۆفسکی)) لەيەکێك لەشەقامەکانی نيۆرك رێ دەکەن، دووچاری بۆسەی دزێك دەبنەوە کە چەقۆيەکی هەڵگرتووە لەو کاتەی هەردوو ئەکتەر دەيانەوێ تەسليم بە دزەکە بن بەشێوەيەکی زۆر ترسناك دزەکە پێيان دەڵێت( ئەمە چەقۆيە) لێرەدا لەفيلمی(دندی نەهەنگ) کەلەساڵی (١٩٨٦) بەرهەم هاتووە ديمەنێکی ناياب دەبينرێ.

## ١٨-نامۆكان

ساڵی ١٩٨٦ بەرهەم هاتووە،هەردوو ئەكتەری ناودار (ولیام هۆب) لەكارەكتەری(جۆرمان) و (سیجورنی ویڤەر) لەكارەكتەری ( ریبلی) بەشداری نواندنیان كردووە.
ئاوێتە بوونی هەڵچونێكی لەرادەبەدەر لەلایەن هێزێكی چەكدار بۆرزگاركردنی مرۆڤێك، كە دووچاری نەخۆشیەك بۆتەوە،لەگەل موزیكێكی بەهێز خۆیان لەناوەخنی ئەو فیلمە بەرزو مەزنەدا دەبیننەوە.

## ١٧- كارێكی ئیتاڵی
## THE ITALIAN JOP

لەوكاتەی كرداری شوێن بزركردنێكی بوێرانە لەناوەراستی شاری(رۆما) رودەدات(تشارلی كرۆكەر) ((مایكل كین)) و هاوەڵەكانی بۆنزیك بونەوە لە ئیتالیا بڕیاری گۆڕینی رێگای رزگار بونیان دەدەن،ئەو دیمەنەلەگەڵ موزیكێكی كلاسیكی ساڵی شەستەكان هاو دەم دەبێت كە لەفیلمی( فەرمانی ئیتالی) لەساڵی ١٩٦٩ بەرهەم هاتووە بەرچاو دەكەوێت .

## ١٦- كۆگای داخراو و دوو بەرمیلی پڕلە دووکەڵ




لەچوارچێوەی راوەدونانێکی سەرنج راکێش دا و بۆ گەڕانەوەی سەروەت و سامانی سەرکردە (بیج کریس) ((ڤیتی جۆنز)) راسپاردەیەکی کۆتایی بەشێوەیەکی زۆر توند و تیژ و بۆ چەتەکان ((نك مورات-دیکتەرفیلتسەر- جیسۆن فلمینگ-چیۆن ستاسام)) دەردەچێ ئەوەلەفیلمی (کۆگای داخراو و دوو بەرمیلی پڕلە دووکەڵ)) کەساڵی **١٩٩٨** بەرهەم هاتووە بەرچاو دەکەوێت.

## ١٥- هەتبێ یان نەتبێ



(سلم) (( لۆرین باکول)) ی دز دوای بەرگری کردنێکی زۆر لەخۆی ، بەڵام کەشتیوان (ستیڤ ) ((هەمگری بورگات )) رێگای پێدەگرێ و هەوڵی خۆشیرین کردن دەدات پاشان بەو کچە جوانە دەلێ((من نامەوێ تۆ یەك وشە بڵێی نامەوێ تو یەك شت بکەی تەنیا ئەوەندەت لەسەرە زەرد هەڵگەرێیت،دەزانی چۆن زەرد هەڵدەگەرێت؟ تەنیا لێوەکانت دابخەو پاشان هەردو لەپت پربکە لە با)) ئەو دیمەنە لەفیلمی ((هەتبێ یان نەتبێ )) کە لە سالی١٩٤٤ بەرهەم هاتووە دەبینرێت،جێگای خۆیەتی کە هەرگیز لەیاد نەکرێت.

## ١٤-ئەمریکاییەکی یاخی

ساڵی ١٩٨٠ بەرهەم هاتووە،دیمەن ژورەوەیە ( چولیان کای) (( ریتشارد گیر)) لەنێو کانتۆرێکی جل هەڵواسیندا بەڕوتی خەریکی رێکخستنی جلەکانیەتی،پاشان دەستە جلێکی جوان دەست نیشان دەکات ئەو وێنانە هاودەم دەبێت لەگەل گۆرانی ( داوام بکە ) کەلەسەر ریتمێکی پۆلەندی دێتە بیستن.


## ١٣- شافت SHAFT




پۆلیسی پشکنین (چۆن شافت) ((ریتشارد رۆندتری)) کاتێ کە لە ناوەراستی شەقامێك رێ دەکات وەك ئەوە وایە کە لە دارستانێك رێ بکات،چاکەتێکی رەشی پۆشیوە،گرنگی ئەو دیمەنە بۆ پارچە موزیکی ( ئیزاك هانیر) دەگەرێتەوە، کە خەلاتی ئۆسکاری پێبەخشراوە،ئەو دیمەنە لەفیلمی( شافت ) ساڵی ١٩٧١ بەرهەم هاتووە بەرچاو دەکەوێ .

## ١٢-چیرۆكە میللییەكان

## PULP FICTION



سالّی ١٩٩٤ بەرهەم هاتووە،دیمەنی بەیەك گەیشتنی (ڤینست ڤیجا) (جۆن تراڤۆلتا )
و خێزانی سەرۆكی چەتەكان ( میاوا لاس)
( ئۆماسورمان) لەچیشتخانەی ( جاك رابیت سلیمز) و بەشداری كردنیـان لـە سـەمای
(تویست) بە گرنگترین دیمەنی ئەو فیلمە دێتە ژماردن.

## ١١- پیاوی سێیەم
## THE THIRD MAN



( هۆلی مارتز ) (( جۆزێف کوتین)) لەیەکێك لە شەقامەکانی ( ڤیەننا) بەهێواشی رێ دەکات،لەترسی ئەوەی نەوەك یەکێك بەدوایەوە بێت.لەو کاتەدا سەیری یەکیك لەدەرگا تاریکەکان دەکات کە جووتە پێلاوێکی بە بریقەی لێ دانراوە، روناکی پەنجەرەی یەکێك لە ماڵەکان بەشێوەیەکی زۆر هونەری دەدرەوشێتەوە و سەرنجی رادەکێشێت،هەرلەو ساتەشدا ( هاری لایم) ((ئۆرسن وێلز )) وەك پیاوێکی نەناس بەزەردەخەنەیەکەوە ،لێی دێتە پێشەوە،وا خۆی دەردەخات کە هەموو نهێنییەکانی جیهان دەزانێت.ئەمە یەکێکە لەدیمەنەکانی فیلمی ( پیاوی سێیەم ) ساڵی ١٩٤٩بەرهەم هاتووە .

## ١٠- شەوی شەممە

## SATURDAY NIGHT FEVER

یەکێك لەدیمەنەکانی فیلمی(شەوی شەممە )کە ساڵی **١٩٧٧** بەرهەم هاتووە دەچێتە نێو مێژووی ئەو پەنجا دیمەنە سینەمایە.(تۆنی ماسیرۆ) ((جۆن تراڤۆڵتا)) شێوەی گۆرانییەکانی تیپی (بی چیز) بەسەماکردن دێتە سەر شەقام،هەر لە شێوە رێکردنی پاڵەوانی ئەو فیلمە یەکسەر دەزانرێ ئەو پیاوە عاشق بە ئافرەتە و رۆمانسیە.

## ٩-ئەنی هۆڵ

## ANNIE HALE

ساڵی **١٩٧٧** بەرهەم هاتووە لە یەکێك لە دیمەنەکان، پیاوێك رەخنە لەپسپۆری راگەیاندن( مارشال ماکلوهات ) دەگرێ بەلام( ئەلفی سنجەر ) ((ودی ئالن) بەرپەرچی دەداتەوە ،گرنگی بیرۆکەکانی (ماکلوهات) روون دەکاتەوە و رای رەخنەگران فەرامۆش دەکات، دواتر رو وەردەگێرێتە کامیرا و دەڵێت ( ئەگەر ژیان وابوایە....)

بە دیمەنێکی جوان و سەرنج راکێش ئاماژەی بۆ کراوە.

## ٨- هەڵاتنی مەزن

## THE GREAT ESCAPE



دوای ئەوەی ( کولەر کنج ) ( ستیف ماکوین) بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی رزگار بوون دەگەڕێ لە سەربازگەیەك کەخۆی و هاورێکانی تیایدا بەدیل گیراون،لەزۆربەی دیمەنەکانی فیلمی (هەلاتنی مەزن) کە ساڵی **١٩٦٣** بەرهەم هاتووە دەردەکەوێ و هەوڵ بۆ ئامانجەکەی دەدات،دواتر لەسەر لادیوارێکی تەل بەندی بەندینخانەکە بەماتۆر سکیلێك باز دەدات و خۆی رزگار دەکات .


## ٧-گەرمی
## HEAT



شێوەی یاری راوەدونانی مشك و پشیلە ( ڤینست هانا) ( ئالپاچینۆ) ی پۆلیس،ئوتومبێلی تاوانبار (نیل ماکۆلی) ( رۆبەرت دینیرۆ )رادەگرێت،داوای لێدەکات بەیەکەوە قاوەیەك بخۆنەوە،لەقاوەخانەکەدا روبەڕو بوونەوەیەکی سەرسورهێنەر لەنێوان دوو عەقلی جیاواز بەشێوەیەکی پێشکەوتووی سینەمایی دێتە بەرچاو، ئەو دیمەنە لەفیلمی (گەرمی) کەساڵی **١٩٩٦** بەرهەم هاتووە دەبینرێت .

## ٦-روبەڕووی دەستەو یەخە


## FACE / OFF




ساڵی ١٩٩٨ بەرهەم هاتووە،بەهێزترین دیمەنی ئەو فیلمە،کاتێ کە (کاسترۆ ترو) (نیکۆلاس کێیج))ی شەرخواز دەیەوێت بچێتە ناو هەلیکۆپتەرە تایبەتیەکەی لە بەر رەشەبا پالتۆکەی بەرز دەبێتەوە،ئەو حاڵەتەش زیاتر گوزارشت لە شەر خوازی ودڵڕەقی پاڵەوانی فیلمەکە دەکات،دەرهێنەر زیرەکانە کاتێکی گونجاوی هەڵبژاردووە بۆ وێنە گرتنی ئەو دیمەنە .

## ٥- دڵە ئازاکە

بەرهەمی ساڵی ١٩٩٥ دەرهێنانی و نواندنی میل گیبسن ،زۆربەی دیمەنەکانی ئەو فیلمە سەرنج راکێش و هونەریانە دروستکراون، بە جۆرێك کە بینەر بەیەکجار بینین ناتوانێ لە یادی بکات.



٤- تێکدەر




(ئارنۆلد شوارزنجەر) ( ئالی t بۆ رزگار کرنی گیانی پالەوانی دوارۆژ ( جۆن کۆنر) بەسواری ماتۆر سکیلێکەو کرداری راوەدونانی t(رۆبەرت پاتریك)ئەنجام دەدات ، لەیەکێك لەدیمەنەکان (شوارزنجەر) بەدەستێك ماتۆر سکیلەکەی لێدەخۆرێت بەدەستەکەی تریش تەقە لە t دەکات،ئەمەو چەند دیمەنێکی بەهێزی تر لەفیلمی (تێکدەر)بەشی دووەم دەبینرێت کەساڵی ١٩٩١بەرهەم هاتووە .

## ٣- قیامەت

## APOCALYPSE NOW



لەرۆژێکی روناك دا هەلیکۆپتەرە ئەمریکییەکان هێرش دەکەنە سەر یەکێك لەگوندەکانی ڤێتنام.لەزمانی کۆلۆنێل( کیاجۆر)(( رۆبەت دوڤال)) گوێمان لەو رستەیە دەبێت ( ئا ئەوەتە رۆمیۆ فۆکترۆت —ئایاسەمابکەین ؟)هەر لەهەمان کاتدا گوللە کوێرەکان بەر خەڵکی بێ گوناهی گوندەکە دەکەون،ئەوانیش هەریەك بۆلایەك بڵاوەی لێدەکەن لەو ساتەدا موزیك لەوپەری لوتکەی بەهێزی دایە، هات و هاوار و جولەی خێراش دیمەنەکە دەرازێنێتەوە ئەوە لەفیلمی (( قیامەت) کە ساڵی **١٩٧٩** بەرهەم هاتووە دەبینرێ.

## ٢- دكتۆر بۆند



ساڵی **١٩٦٢** بەرهەم هاتووە،بەكرێ گیراو (جیمس بۆند)(شون كۆنری) لەنێو قوڵایی پڕ لەدوكەڵی مێزی قومارو یاری كەران نزیك دەبێتەوە.شۆخە ئەكتەری سینەما( سلیڤیا ترینش) (( ئۆنیس گریسۆن)) لەنیو یاریكەراندا دیار دەكەوێت,رولە ( جیمس بۆند) دەكات و دەلێت (( ئەی تۆ كێیت؟) بەرلەوەی پیاوەكە وەڵامی بداتەوە كابرا چەندلایەنێكی شاراوەی دەم و چاوی ئاشكرا دەكات و ئینجا دێتە وەڵام و دەلێت (بۆند .....جیمس بۆند)

## ١-داگیرکەرانی گەنجینەی ون بوو

## RAIDERS OF THE LOST ARK



کاتێك کە کەسێکی بیانی لەیەکێك لەشەقامەکانی( قاهیرە )ی پایتەختی وڵاتی میسر لەدوای برادەرەکچەکەی وێل و سەرگەردانە، ( ماریۆن راڤینوت) (کارین ئارلین) و ( ئەندیانا جۆنز) ( هاری سۆنفۆرد) خۆیان لەنێوان ئاپۆرەی خەلك دەدۆزنەوە.لەو کاتەدا پیاوێکی رەش پێستی شمشێر بە دەست بەرەو رویان دێت .

( ئەندیانا جۆنز) بۆپاراستنی گیانی خۆیان ناچاردەبێت دەمانچەکەی بەر پشتی دەربهێنێت و تەقە لە رەش پێستەکە بکات،ئەو دیمەنە بەناوبانگە بەیەکێك لە دیمەنە هەرە دیارەکانی ئەو فیلمە دێتە ژماردن.




وڵاتی (تونس)شوێنی وێنەگرتنی ئەودیمەنەبوو،دەرهێنەری بەناوبانگ(ستیڤن سپیلبیرگ) لەبەرکەمی ماوە و گەرمای هاوین و دووچار نەبونەوەی (ئەندیانا جۆنز) بەدەستەو یەخەیەکی تر بڕیاری کورت کردنەوەی دیمەنەکەی دا،لە ئاکامدا دیمەنێکی لەرادەبەدەر باش و نایاب هاتە بەرهەم،ئەم رووداوانە لەفیلمی ( داگیرکەرانی گەنجینەی ون بوو ) دەبینرێن .

## بەناوبانگترین ٢٠ فیلم

## لە مێژوی سینەمای جیهانی

### ١-هاولاٚتی کین




ساڵی بەرهەم: ١٩٤١

دەرهێنەر: ئۆرسون ویلز

شوێنی بەرهەم هێنان: ئەمەریکا

پاڵەوانیەتی ئۆرسون ویلز،ئیفرت سلون،جوزیف کوتن،دورتی کومنجور

ئەو فیلمە باس لە سەرکەوتن و روخانی هاولاٚتی (کین) دەکات لە مل ملانێی لەگەڵ گەندەڵی رامیاری لە کۆمەڵگادا.

## ٢-ڤێرتیگۆ



ساڵی بەرهەم: ١٩٥٨

دەرهێنەر: ئەلفرێد هیتشکۆك

شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

پاڵەوانیەتی: بربارا بیل گیدز،جیمس ستیورات،کیم نوفاك

ئەو فیلمە باس لە گەشتی خۆشەویستی و مردن دەکات،کە جیمس ستیورات رۆڵی هەواڵگرێکی نهێنی دەبینێ و بەدوای هۆیەکانی خۆکوشتنی هاورێکەی دا دەگەرِێ.

**٣-باوکی رۆحی**




سالّی بەرهەم: ١٩٧٢

دەرهێنەر: فرانس فۆرد کۆپۆلا

شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

پالّەوانیەتی: ئەلّپا چینۆ،تالیا شایر،دیانا کیتۆن،مارلۆن براندۆ

ئەو فیلمە باس لە جیهانی چەتەگەری دەکات، لە نێو خانەوادەیەکی ئیتالّی مل ملانێ لە سەر دەسەلاّت روو دەدات،فیلمەکە زیاتر باس لە گیانی توند و تیژی دەکات.

## ٤-لۆرانسی عەرەب



سالّی بەرهەم: ١٩٦٢


دەرهێنەر:دیڤید لین

شوێنی بەرهەم: بەریتانیا

پالّەوانیەتی: ئەنتۆنی کوین،عومەر شەریف،پیتەر ئۆتول

فیلمەکە باس لە ژیانی ئەفسەرێکی ئینگلیز دەکات کە لە جەنگی یەکەمی جیهانی لەبیابانی عەرەبی و دژی تورکە داگیر کەرەکان دەجەنگیّ.

**٥--ئۆدیسای بۆشایی ٢٠٠١**



ساڵی بەرهەم:١٩٦٨


دەرهێنەر: ستانلی کوبریك

شوێنی بەرهەم:ئەمەریکا

پاڵەوانیەتی:جاری لوك وود،کیر دولا

فیلمێکی خەیاڵی زانستیە باس لە گەشتی (گیان)ی مرۆڤ دەکات بۆ بۆشایی دەرەوە.

**٦-شوفێری تاکسی**




سالّی بەرهەم:١٩٧٦

دەرهێنەر:مارتن سکۆر سیز

شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

پالّەوانیەتی: پیتەر بویل،جودی فۆستەر،ڕۆبەرت دینیرۆ،سیبیل شیفرید

فیلمەکە باس لە ژیانی شوفێرێکی تەکسی دەکات کەبەشەو کار دەکات و دووچاری چەندین ناخۆشی دەبێتەوە.

## ٧-هەندێك پێیان باشترە گەرم بێت



ساڵی بەرهەم:١٩٥٩

دەرهێنەر: بیلّی وایلور

شوێنی بەرهەم: ئەمەریكا

پاڵەوانیەتی: تۆنی كورتیس،جاك لیمۆن،مارلین مۆنرۆ

فیلمەكە لە ژانرێكی كۆمیدی باس لە دوو هاوڕێ دەكات كە بەرەو فلۆریدا رادەكەن.

**٨-كازابلانكا**




ساڵی بەرهەم: ١٩٤٢


شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

دەرهێنەر:مایکل کورتیز

پاڵەوانیەتی: ئەنگرید بێرگمان،پیتەر لور،هەمفری بوگارد

فیلمەکە بە گیانێکی میلۆدرامی رۆمانسی باس لە خاوەن کافتریایەکی ئەمەریکی دەکات لە کازابلانکا کە پێشوازی لە هەڵاتووە نازیەکان دەکات و بەو هیوایەی کەوا بەرەو ئەمەریکا بەڕێیان بکات.

## ٩-سایکۆ




ساڵی بەرهەم: ١٩٦٠

دەرهێنەر ئەلفرێد هیتشکۆك

شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

پاڵەوانیەتی: ئەنتۆنی بیربکنز،جانیت لی،فیرا میلز

فیلمەکە باس لەچیرۆکی درامی دایکێك دەکات کە نەخۆشی دەرونی هەیە.

## ١٠-حەوت سامۆرایی



سالّی بەرهەم:١٩٥٣

دەرهێنەر: ئەکیرا کوروساوا

شوێنی بەرهەم: یابان

پالّەوانیەتی: تاکاشی شیمورا،توشیرۆ میتۆن

فیلمەکە چیرۆکێکی کلاسیکییە،باس لە شەڕکەرێکی یابانی دەکات کە لەدژی چەند چەتەیەك بەرگری لە گوندەکەی دەکات،ئەو فیلمە بەکارێکی گرنگ و کاریگەر لە مێژوی سینەما دێتە ژماردن.

## ١١-گۆرانی ژێر باران




ساڵی بەرهەم: ١٩٥٢

دەرهێنەر: جین کیلی

شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا

پاڵەوانیەتی:جین کیلی،دونالد ئۆکۆندەر،دیبی ریند لیدز

فیلمێکی گۆرانی ئامێزە بە گۆرانییە نایابەکانی بەناوبانگە،لەو فیلمەدا جین کیلی لە زۆر جێگای سەیر سەیر سەما دەکات.

## ١٢-پیاوی سێیەم



ساڵی بەرهەم:١٩٤٩


شوێنی بەرهەم:بەریتانیا

دەرهێنەر: کارول رید

پاڵەوانیەتی:ئۆرسن ویلز،تریفور هوارد،جوزیف کوتن.

فیلمەکە باس لە ژیانی تاریکی شاری (فیتا) دەکات کە لە دوای جەنگ چ نا پاکی و کاول کاریەك روو لەو شارە دەکات،لە دوتۆی چیرۆکی ئەو فیلمەدا پاڵەوان ناپاکی برادەرەکەی بۆ بەدیار دەکەوێ.

## ١٣-پشكێنەران




ساڵی بەرهەم: ١٩٥٦

دەرهێنەر: جۆن فۆرد

پاڵەوانیەتی: جون وین،

جیفری هانتر،فیرا میلز

فلیمێكی كاوبۆییە باس لە كێشەی

هیندییەك دەكات،كە دەیەوێ یەكێك

لە خزمەكانی خۆی لە دیلی رزگار

بكات.

## ١٤- بنەڕەتی یاری

ساڵی بەرهەم :١٩٣٩

شوێنی بەرهەم: فرەنسا

دەرهێنەر جون فۆرد

پاڵەوانیەتی: كجان رینوار،مارسیل دیلۆ،نورا جریجور


باس لە تاوانێكی كوشتن دەكات لە ماڵێكی فرەنسی ئەرستوكراتی.

## ١٥-گایەکی هەڵچوو



ساڵی بەرهەم: ١٩٨٠
شوێنی بەرهەم:ئەمەریکا
دەرهێنەر: مارتن سکورسیز
پاڵەوانیەتی:جو بیسکی
رۆبەرت دینیرۆ
فیلمەکە باس لە ژیان نامەی یاری زانی بۆکسێن (جاك لاموت) دەکات.

## ١٦-شارێکی چینی



ساڵی بەرهەم:١٩٧٤
شوێنی بەرهەم: ئەمەریکا
دەرهێنەر:رۆمان پۆلانسکی
پاڵەوانیەتی:جاك نیکلسۆن،جۆن هیو ستن،فای دونوای
فیلمەکە باس لە هەواڵگرێکی نهێنی دەکات کە بەدوای کێشەی ئاو دا دەگەڕێ بەلاّم لەو رێگایەوە چەندین گەندەڵی ئاشکرا دەکات.

**١٧-لەگەڵ بادا رۆیشت**




ساڵی بەرهەم:١٩٣٩

شوێنی بەرهەم:ئەمەریکا

دەرهێنەر:ڤیکتۆر فلیمنگ

پاڵەوانیەتی:ئۆلیفیا دی هافیلاند،فیفیان لی،کلارك گیبل

لە گرنگترین ئەو فیلمانەیە کە خەلاّتی ئۆسکاری وەرگرتووە،لە رێگای کچێکی خۆویست باس لە شەڕی ناوەخۆی ئەمەریکای باکور و باشور دەکات.

## ١٨-تانكى پۆتمكين

دەرهێنەر:سیرجی ئەزنشتاین

ساڵی بەرهەم:١٩٢٥

شوێنی بەرهەم:روسیا

پاڵەوانیەتی:ئەلكسەندەر ئەنتۆنیۆن،فلادیمێر بارسكی

فیلمەكە باس لەشۆرشی دەریاوانێك دەكات،كە بە بەشێك لە سینەمای شۆرشگێڕی روسی دێتە ژماردن.

## ١٩-پالب ڤیكشن



دەرهێنەر:كوینتن تارانتینۆ


ساڵی بەرهەم:١٩٩٤

شوێنی بەرهەم:ئەمەریكا

پاڵەوانیەتی:ئوما سورمان،جۆن ترا ڤۆلتا

فیلمەكە بە چەند دیمەنێكی كۆمیدی و تراژیدی باس لە دوای سەردەمی نوێی مرۆڤایەتی دەكات.

## ٢٠-باكوری رۆژئاوا



دەرهێنەر:ئەلفرێد هیتشکۆك

سالّی بەرهەم:١٩٥٩

شوێنی بەرهەم:ئەمەریکا

پالّەوانیەتی:ئیڤا ماری سان،گاری گرانت،جیمس ماسون.

فیلمەکە باس لە(گاری گرانت) ی بەش خوراو دەکات و دەکەوێتە داوی پیلانێکەوە.

## سەرچاوەکان


١-گۆڤاری الفن السابع

٢-نامیلکەی حکایة السینما

٣-گۆڤاری الحیاة السینمائیة

٤=ماڵپەڕی سینماك

٥= ماڵپەڕی المدرسة العربیة للسینما و التلفزیون

٦-گۆڤاری ئەمپایەر**Empire** ی تایبەت بە سینەما

٧-ماڵپەڕی www.dvd٤arab.com

**ناوەرۆك**


١-بەشی یەکەم : **چیرۆکی سینەما** ........................................ **٣**

٢-بەشی دووەم: **بەهێزترین پەنجا دیمەن لە مێژوی سینەما**.................. **٥٥**

٣-بەشی سێ یەم: **بەناوبانگترین بیست فیلم لە مێژوی سینەما**.............. **٩٥**



## عەدنان عوسمان عەلی

خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە دەرهێنانی سینەمایی.زانکۆی سەلاحەددین— هەولێر

پسپۆڕی دەرهێنەرێنان و وێنەگرتن

لەزۆر بەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بابەتی سینەمایی بڵاوکردۆتەوە

چوار کتێبی سینەمایی بەم ناونیشانانەن ئامادەیە بۆ چاپکردن(دەستەواژەکانی سینەما،لێکۆڵینەوەی سینەمایی،بنەماکانی زمانی سینەما،سیناریۆکانم).

تا ئێستاکە ١٠ کورتە فیلمی دەرهێناوە و بەشداری زۆربەی فێستڤاڵەکانی ناوەخۆ و چەند فێستڤاڵێکی دیکەی دەرەوەی کوردستانی کردووە

زیاتر لە ٦٠ فیلم و زنجیرەی تەلەڤزیۆنی وێنەگرتووە،وەك ئەکتەریش لە چەند فیلمێك بەشداریی کردووە

ستافی رۆژنامەی سینەما کوردیکایە

ئەندامی کارای رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە

ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە
مامۆستایە لە بەشی سینەمای کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەددین
کارگێڕی سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغە لە شاری مەخموور
E.mail:adnanfilm@yahoo.com

# Cinema Story

By

Adnan Osman

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری و هونەری قەرەچووغ

زنجیرەی چاپی ژمارە (٦)